زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (٥١)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# نیکۆس کازانتزاکیس

نووسینی: یۆرگۆس ستاسیناکیس
وەرگێڕانی : ئازاد بەرزنجی

بابەت: لێکۆڵینەوە
ژمارەی سپاردن :   ٤١٤   ی  ٢٠٠٤
سلێمانی / ٢٠٠٤

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

کازانتزاکیس و یاخیبوونی بەردەوام

کەم خوێنەر هەیە "زۆربا"ی خوێندبێتەوە و بە جۆرێک لە جۆران کاریگەریی لەسەر جێنەهێشتبێت. زۆربا ئەو ڕۆمانەیە کە ناوی لە ناوی نووسەرەکەی بە خەڵک ئاشناترە. ئەو پالەوێنەی سەرەڕای کەندولەندەکانی ژیان بە عیشقەوە ئامێز بۆ ژیان ئەکاتەوە و لە پێناوی بەرگریکردن لە خۆشەویستی و جوانی و حەقیقەتدا ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە. هەر بۆیە زۆرجار ئەم پالەوێنە وەکو خوڵقێنەرەکەی لای گەلی کەس بووەتە سیمبولی ئەو مرۆڤەی بەردەوام دژ بەو بەهایانە دەوەستێتەوە کە لەگەڵ ژیاندا وێک نایەنەوە.

کازانتزاکیس( **١٨٨٣-١٩٥٧**) بەشی زۆری تەمەنی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بردە سەر، ئەو ساڵانەی کە پڕ لە ڕووداو و جەنگ و گۆڕانکاریی کاریگەر بوون لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی، ئەو ساڵانەی ململانێی چەندەها ئاقار و تەوژمی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییان بە خۆوە دی. هەر بۆیە شتێکی سەیر نییە کە هەموو ئەمانە کاریگەریی خۆیان لەسەر زەینی کازانتزاکیس جێبهێڵن و ڕۆح و دەروونی ببێتە مەیدانی بەیەکداچوونی ئەو ئاقارانە، تەنانەت ژیانی تایبەتیشی ژیانێکی پڕ هەڵبەز و دابەز بوو. هەر لەم ڕووەشەوەیە کە کازانتزاکیس قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی ژیانی خۆی بە چوار قۆناغ دیاری دەکات و بەم جۆرە:

مەسیح، بوودا، لینین، ئۆدیسە. بەڵام نە مەسیحەکەی کازانتزاکیس ئەو مەسیحەیە کە دەیناسین و نە بوداکەی و نە لینین و ئۆدیسەکەشی.

پێویسته لێرەدا ئاماژه بۆ ئەوەش بکەین کە "فریدریش نیچە"ش کاریگەرییەکی تایبەتیی لەسەر هزر و بۆچوونەکانی کازانتزاکیس هەبووە. ئەوە بوو لە ساڵی **١٩٠٩**دا باسێکی لەژێر ناوی "فریدریش نیچە و فەلسەفەکەی سەبارەت بەهەق"دا پێشکەش کرد و زانکۆی ئەسیناش بەرامبەر بەوە دکتۆرای پێ بەخشی.

لە زۆربەی کارەکانی کازانتزاکیسدا کە دابەش دەبن بەسەر ڕۆمان و شیعر و شانۆنامە و سەفەرنامە و باس و وتاردا، مۆرکێکی فەلسەفیی ئاوێتە بە ڕۆحی شیعر دەبینینەوە کە ڕوانینێکمان بۆ ژیان ئەداتێ کە هەوڵدانێکە بۆ گونجاندنێک لە نێوان هەندێ ئاقاری فەلسەفی و ئایینی و تەنانەت سیاسیشدا. بەڵام ئەو گونجاندنە گونجاندنێکی موحافەزەکارانە نەبووە، بەڵکو شەقڵی یاخیبوونێکی بەردەوامی بەخۆیەوە گرتووە.

بۆ سەلماندنی ئەمەش دوو نموونە دەهێنینەوە:

یەکەمیان ئەوەیە کە کاتێک ڕۆمانی "دوا لە خشتەبردنی مەسیح"ی لە ساڵی **١٩٥١**دا چاپ کرد، هەردوو کڵێسای ڕۆمانیی کاسۆلیک و یۆنانیی ئەرتۆزۆکس کتێبەکەیان قەدەغە کرد. دووەمیشیان ئەوەیە کاتێک کۆچی دوایی کرد (ساڵی **١٩٥٧** لە فرایبۆرگ) و تابووتەکەیان بۆ یۆنان هێنایەوە، هیچ کڵێسایەک ئامادە نەبوو تەرمەکەی بگرێتە خۆی، تا دواجار تەرمەکەیان نارد بۆ "مۆرگ"، ئەو جێگایەی کە تەرمی مردووە بێ سەرو شوێنەکانی تیا ئەنێژن. بەڵام ئەو هەر زوو بڕیاری دوای مەرگی خۆیشی دابوو، وەسیەتی کردبوو کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی بنووسن: ( هیچ هیوایەکم نییە، لە هیچ ناترسم ، کەواتە ئازادم ).

ئەم کتێبە بچووکەی لەبەردەستدایە؛ پانۆرامایەکە بۆ بەرهەم و کارەکـانی کـازانتزاکیس و هەنـدێ لـەو بابەتانـەی کـە لـە نووسـینەکانیدا دووپـات بوونەتـەوە. هیـوادارین ئەمـە هـەوڵێک بێت بۆ زیاتر ئاشناکردنی دونیاکەی کـازانتزاکیس بـە خوێنـەری کـورد و لـە توانایـدا بێـت وێنـەی هێڵـە سـەرەکیەکانی سـیمای کازانتزاکیس لە زەینی خوێنەردا بکێشێت.

ئازاد بەرزنجی

کازانتزاکیس

کارەکانی و پەیوەندیی لەگەڵ فەرەنساو خۆرهەڵاتدا

ئەگەر لە یەکێک بپرسن ئاخۆ نیکۆس کازانتزاکیس دەناسێت، زۆرجار وەڵامەکە بە نەرێ دەبێت. بەڵام ئەگەر لێی بپرسن ئاخۆ دەزانێ فیلمی "زۆربای یۆنانی" چییە، ئەوا زۆرجار وەڵامەکە ئەرێ دەبێت.

هەر بۆیە ناوبانگی نیکۆس کازانتزاکیس زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیناریۆ سینەماییەی بۆ ژیان و سەرچڵییەکانی "ئەلێکسیس زۆربا" ئامادە کرا؛ نەک بۆ نووسینەکانی. بەڵام خۆشبەختانە کە ئەم نووسەرەمان نوێنەری شتێکی قووڵتر و بەهای ڕۆحی و مرۆڤدۆستانە و گیانێکی هاونیشتمانیی جیهانیی وایە کە گرنگییەکی هەنووکەیی زۆر بە بیروبۆچوونەکانی ئەدات. مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە خستنەڕووی گشت کارەکانیو شیکردنەوەی هزریەتی. لەبەرئەوەش کە ئێستا ئێمە لە سوریادایین و لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی فەرەنسیداین، باس لە پەیوەندیی کازانتزاکیس دەکەین بە خۆرهەڵات و فەرەنساوەو، خۆشەویستیی بۆیان.

بە گەڕانەوە بۆ نووسینەکانی نیکۆس کازانتزاکیس. بە شێوەیەکی فراوانتر لەسەر ئەم مەسەلانە ئەدوێم:

١-نووسینەکانی نیکۆس کازانتزاکیس.

٢-هزری.

٣-پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەرەنسا و خۆرهەڵاتدا.

یەکەم: نووسینەکانی کازانتزاکیس

نووسینەکانی کازانتزاکیس دەوڵەمەند و فرەچەشن و تۆکمە و زیندوون. کازانتزاکیس دەستی بۆ هەموو ژانرە ئەدەبیەکان بردووە: شیعر، شانۆ، ڕۆمان، وتار، سەفەرنامە، کتێبی مێرمندالاّن، وەرگێڕان، ئەدەبیاتی نامە، سیناریۆ. زەحمەتە نووسەرێکی تری یۆنانی و یان تەنانەت غەیرە یۆنانییش هەبێت کە توانیبێتی ئەم هەموو نووسینەی هەبێت و سنووری خۆی بەزاندبێت و تا ئێستاش لەو سنووربەزاندنەدا هەر بەردەوام بێت.

***ا-شیعر***

کازانتزاکیس هەمیشە خۆی بە شاعیر لە قەڵەم داوە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لە دوا سالاّنی تەمەنیدا ڕۆمانەکانی خۆی نووسیوە. هەمووی چەند مانگێک بەر لە مەرگی لەسەر کتێبێکی ئاڵتوونی لە کتێبخانەیەکی ئەنتیپدا لە فەرەنسا؛ نووسیی: "شیعر ئەو خوێیەیە کە ناهێڵێت جیهان بۆگەن بکات". چەند دەقیقەیەک بەر لە مردنیشی، بە دکتۆرەکانی گوت: "دەزانن شاعیران نامرن، یان نزیکن لەوەوەی کە نەمرن".

کازانتزاکیس سێ قەسیدەی گەورەی نووسیوە:

یەکەمیان کە بەناوبانگترینیانە، قەسیدەی "ئۆدیسە"یە، کە کارێکی زۆر گەورەیە و بریتییە لە سی و سێ هەزار و سێ سەد و سی و سێ دێڕە شیعر. ئەمە کارێکی سەرەکیە لای خۆی، کە تیایدا وەسفی جەربەزەییەکانی ئۆلیس دەکات، واتە جەربەزەییەکانی خۆی و هی مرۆڤی نوێ، لە میانی گەشتێکەوە کە لە ئیتاکاوە دەستپێدەکات و بەرەو قوتبی باشوور و بەناو ئیسپارتە و کریت و ئەفریقیادا تێدەپەڕێت.

دووەمیان "تەرتسینیس"ە کە کارێکی بایەخ پێنەدراوێتی و لە دوانزدە قەسیدە پێکهاتووە و وەکو کازانتزاکیس خۆیشی دەڵێت پێشکەشە "بەو دەروونانەی کە دەروونی منیان تێرکرد".

سێیەمیشیان نەناسراوە و ناونیشانی "سۆنێتا"یە.

***ب-وتار:***

ئەمە لایەنێکی گەوهەرییە لە نووسینەکانی ئەم نووسەرە کریتییە مەزنەدا، کە زۆربەی کات پشتگوێ خراوە. کازانتزاکیس حەوتیانی لێ بڵاوکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

*دەردی سەدە.

*ئایا زانست ئیفلاسی کردووە؟

*بێرگسۆن.

*خوان.

*مێژووی ئەدەبی ڕووسی.

*فریدریش نیچە لە فەلسەفەی مافی هاوڵاتێتیدا.

*مەشق (تەسەووف) ڕزگارکەرانی خوا. ئەمە کتێبێکی تایبەتییە بۆ تێگەیشتنی کازانتزاکیس.

***ج-کارە دراماییەکانی:***

بە شێوەیەکی گشتی ئەم بەشەی کارەکانی لەناو خوێنەراندا ناسراوە، گەرچی هەمووی نا. ئەم کارانەشی کە ژمارەیان بیست شانۆنامەیە بەسەر بابەتی وەکو بابەتی مێژوویی و ئایینی و فەلسەفی و سیاسیدا بەش بوون:

ئەو تراژیدیانەی کە بابەتەکانیان لە مێژووی کۆنەوە وەرگیراوە:

*پرۆمیسیۆس (۳ کار)

*کۆرس

*ئۆلیس

*میلیسا

ئەو تراژیدیانەی بابەتەکانیان مەسیحیی و بیزەنتین.

*مەسیح.

*نیقفۆرۆس فۆکاس

*یۆلیانۆسی یاخی

*قوستەنتینی بالیۆلۆگی

ئەو تراژیدیانەی بابەتەکانیان هەمەچەشنەن:

*تاکەی؟

*فاسغا.

*ڕۆژ ئەدرەوشێتەوە.

*کۆمێدیا.

*وەستاکە.

*کابۆزیستریا.

*سادوم و عامورە.

*ئۆتێللۆ ئەگەڕێتەوە.

*بوودا.

*کریستۆفەر کۆلۆمبس.

**د-ڕۆمان**

ئەم بەشەی کارەکانی کازانتزاکیس لە جیهاندا بەناوبانگە. ئەو یانزدە ڕۆمانی نووسیوە کە ئەمانەن:

*دەروونە تێکشکاوەکان.
*گوڵە زەمەق و مار.
*دوو کتێب بە فەرەنسی: "تۆدارابا- مۆسکۆ هاواری کرد" کە تیایاندا باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لە یەکێتی سۆڤێتدا.
هەروەها "باخچەی بەرد" کە تیایدا باس لە گەشتەکەی خۆی بۆ چین و ژاپۆن دەکات.
*ژیان و سەرچڵییەکانی ئەلێکسیس زۆربا.
*مەسیح لە خاچ ئەدرێتەوە.
*کاپتن میخائیل.
*براکوژی.
*دوا لەخشتەبردنی مەسیح.
*هەژارەکەی ئەسیزی.
*ڕاپۆرت بۆ ئالگریکۆ.

***هـ-سەفەرنامە:***

سەفەر و خەون بەلای کازانتزاکیسەوە وەکو ڕێنمایی ژیانی بوون. سەفەری بۆ ئەفریقیا و ئاسیا و ئەوروپا کردووە. حەزی کردووە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بچێت، بەڵام حکومەتی یۆنانی پاسپۆرتی نەداوەتێ.
سەفەرەکانی جێی گەشتیان نەگرتۆتەوە. کازانتزاکیس دوژمنی گەشتوگوزار بوو. بە ڕای ئەو گەشتوگوزار دیمەنە ڕاستەقینەکەی دەشێواند و ڕۆحی میللەتەکانی لێ ون دەکرد. ئەو دەیویست جیهان بناسێت، هەروەها خەڵک و ژیارەکان و سروشت. ئەو نووسیویەتی: "ئومێدی گەورەی موسافیر ئەوەیە

له دەڤەرە دوورەکاندا ئەو وێنانە ببینێتەوە کە گوزارشت لە ڕۆحی ئەکەن و یارمەتیی ئەدەن تا خۆی و ئەوانی تریش ڕزگار بکات. هەموو جارێک کە سەفەر ئەکەم هەست ئەکەم سەفەر بۆ من پێداویستییەکە بۆ ئازادی".

نیکۆس کازانتزاکیس دەیان وتار و ڕیپۆرتاژی سەبارەت بە سەفەرەکانی بۆ ئەوروپا و ئەفریقیا و ئاسیا نووسیوە، کە زۆربەیان لە پێنج بەرگدا کۆکراونەتەوە:

*لە ڕووسیا چیم دی!

*ئیسپانیا، ئیتالیا، میسر، سینا و.

*چین- ژاپۆن

*ئینگلتەرە

*ئیتالیا، میسر، سینا و، قودس، قوبرس

***و-کتێبی منالان:***

دوو کتێبی بۆ منال نووسیوە: "ئەسکەندەری گەورە" و "لە کۆشکی مینۆسدا"، جگە لە کتێبی قوتابخانەیی.

***ز-سیناریۆ:***

ئەمەش بەشێکی نەناسراوە لە کارەکانی و ژمارەیان دەگاتە نۆ سیناریۆ، بەڵام هیچیان نەکراون بە فیلمی سینەمایی.

سیناریۆکانیش ئەمانەن:

*سەرپۆشە سوورەکە.

*سانت باکۆمیۆس و هاوبەشەکانی.

*محەمەد.
*مانگ گیران.
*لینین.
*بوودا.
*دۆن کیخۆتێ.
*دیکامیرۆن.
*کریتی هەتاهەتایی.

***ح-ئەدەبیاتی نامە:***

سەدان نامەی نێوان کازانتزاکیس و کەسانی خێزانەکەی و هاوڕێکانی و ئەدیبان و زانایان و سیاسەتمەداران و پیاوانی ئایینی، زیاتر پەردەمان لە ڕووی کەسێتیی کازانتزاکیس و ڕادەی فراوانیی کارەکانی بۆ هەڵدەماڵن.

***گ-وتار و باس و لێکۆڵینەوە:***

کازانتزاکیس سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی نووسیوە کە لە گۆڤارە ئەدەبیەکان و لە ئینسایکلۆپیدیای ئیلفسیرۆزاکیس (ی یۆنانی)ی گەورەدا بڵاوبوونەتەوە. ئەم وتار و باسانەی سەبارەت بە کۆمەڵێک کەسێتیی مێژوویی و ناودارانی زانست و ئەدەبی جیهانین و، نیشاندەری ئاسۆی فراوانی ڕۆشنبیرییە سەرسوڕهێنەکەی ئەون.

***ی-وەرگێڕانەکانی کازانتزاکیس بۆ سەر زمانی یۆنانی:***

گەرچی ئەم لایەنەی کارەکانیشی هەقی خۆی نەدراوەتێ، بەڵام کازانتزاکیس بەوپێیەی زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتالی و کاستلانیی دەزانی، توانیی کاری ئەم نووسەر و بیرمەندانە بۆ سەر زمانی یۆنانی وەربگێڕێت: تەواوی کارەکانی جۆل ڤێرن، ئەلفۆنس دۆدیێ، ویلیەم جەیمس، نیچە، میتەرلەنگ، بێرگسۆن، ماکیاڤێللی، دانتێ، خیمینیس، پیراندێللۆ، کۆکتۆ، هاوپتمان، گۆتە، شەکسپیر، ئەفلاتۆن، هۆمیرۆس، دیکتر و هتد..

دووەم: هزری نیکۆس کازانتزاکیس

هزری کازانتزاکیس هزرێکی پێکەوەگرێدراوە، وابەستەیە بە هەنووکە و بە ژیان و بە دڵ و ئەقڵەوە. هەوڵ ئەدەم لەم خاڵانەدا هزری بخەمەڕوو:

١-گەڕان بە دوای گەوهەر و بەدوای ئازادیدا.

٢-سروشتپەرستی.

٣-لە پێشبوونی ڕۆح.

٤-زەرورەتی تێپەڕاندن و پێکەوەگونجاندن.

ئەم توخمانەی هزری کازانتزاکیس بە توندی پێکەوە گرێدراون. بەڵام من تەنها لەبەر میتۆدی باسەکە لە یەکم جیاکردوونەتەوە.

***١-گەڕان بە دوای گەوهەر و بە دوای ئازادیدا:***

بە بڕوای کازانتزاکیس پێویستە مرۆڤ بەردەوام بە دوای گەوهەردا بگەڕێت و کاتی خۆی لە گفتوگۆی زڕ و شتی تێپەڕ و گەندەڵی و ململانێی سیاسیی تاکەکەسانە و ئەدەبی ڕۆژانەدا بە

فــیرۆ نــەدات. بــەڵکو پێویــستە شــتی "ڕۆژانــە" و "ئاســایی" تێپەڕێنێت، لەبەرئەوەی ئەمانە دەبنە هۆی ونبوونی مرۆڤ و وا لە ئادەمیزاد دەکەن ببێت بە بوونەوەرێکی هیچ. کەواتە ئەبێ بە دوا ئەو داوە دەزووانەدا بگەڕێت کە ڕێنومایی مـرۆڤ و کۆمـەڵ دەکەن، تا بیۆچان دوورتر بڕوات و خودی خۆی تێپـەڕێنێت. لـە "ڕاپۆرتێـک بـۆ ئـالگریکۆ"دا ڕووی دەمـی ئەکاتـە هاونیـشتمانە بەناوبانگەکـەی "دۆمینیکـۆس سـیۆتۆکۆپۆلۆس" و پێـی دەڵێـت: هەردووکمان بە درێژایی ژیانمان بە دووی هەچ شتێک نەکەوتین تاقـە شـتێک نـەبێت، خـەونێکی دڵـڕەق، خوێنـاوی، نـەمر.. کـە ئـەویش گەوهـەرە.. مـن هـەرگیز باسـی شـتە ورد و درشـتەکانی ژیانی ڕۆژانەم بۆ نەکردوویت، لەبەرئەوەی ئەو شتانە سـەدەفی بۆشن و هیچی تر".

لــە بڕگەیــەکی تــری هــەمان کتێبــدا دەڵێــت: "بــەلای منــەوە باشترین خێرێک پێم بکـەن کاتـە. وەختـێ خـەڵک ئـەبینم پیاسـە دەکەن و لەسەر جادە و کۆڵان دێن و دەچن، یان کاتی خۆیان بە وتوێـژی زڕ و نەزۆکـەوە بـە فـیرۆ ئـەدەن، حـەز ئەکـەم وەکـو سـواڵکەرێک لەسـەر شـەقامەکان دەسـتم پـان بکەمـەوە و لێیـان بپاڕێمەوە و بڵێم:

-خەڵکینـە بـۆ خـاتری خـوا خێـرێکم پـێ بکـەن، تۆزێـک لـەو کاتــەی خۆتــانم بــدەنێ کــە بــە فــیرۆی ئــەدەن، ســەعاتێک، دوو سەعات، چەندتان پێ ئەکرێ".

بە بۆچوونی کازانتزاکیس بنچینەی هەموو چارەنووسێک گڕ و داوی سوورە. ئەمەش شایەتیەکە:

من ڕووسیام بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەو گڕەی ڕوسیای گڕداوە. باشکردنی ئاستی گوزەران، بەختەوەری، عەدالەت، چاکە- ئەمانە خۆراکی میللین و سەرنجم ڕاناکێشن. تاقە شتێکم بەلاوە مەبەستە: لە هەموو شوێنێکدا بە دوایدا دەگەڕێم و بە ترس و شادییەوە چاوەچاویمە: ئەویش ئەو داوە سوورەیە کە وەکو تەزبیح کەللەسەری ئادەمیزادەکان کوناودەر دەکات. من بە تەنها حەزم لەم داوە سوورەیە و تاقە بەختەوەرییشم ئەوەیە کە هەستی پێبکەم کەللە سەرم کوناودەر دەکات. هەموو شتێکی تر فانی یە، هیچە، وەکو ڕووەکێک وایە لە چاوی دەروونێکەوە کە خۆی لە هەموو هیوایەک ڕزگار کردووە.

ئادەمیزاد وەختێ ئەو گڕوداوە سوورە ئەدۆزێتەوە، پێویستە بێتە دەنگ، هاوار بکات. لە ڕوانگەی کازانتزاکیسەوە "هاوار" شتێکی بنەڕەتییە. لە ساڵی ١٩٤٩دا نووسیی:

"من سادەترین مرۆڤم. بەڵام کاتێ هەست بە "هاوار"ێک ئەکەم، قایل نابم لە پێناوی ڕازیکردنی کەڕولاڵەکاندا ئەو هاوارە بکەم بە "دەنگێکی کپ کراو".

لە ڕاپۆرتێک بۆ ئالگریکۆشدا نووسیی:

"هەموو مرۆڤێک هاوارێکی هەیە کە بەر لە مەرگی دەریدەبڕێت، ئەویش هاواری خۆیەتی. پێویستە مرۆڤ پەلە بکات لە دەربڕینیدا، چونکە لەوێنەیە ئەو هاوارە بێهوودە لە هەوادا پەرش بێتەوە. یان دەشێ گوێیەک نەبێت بیبیستێت، نە لەسەر زەوی و نە لە ئاسمان. چ خەمتە، تۆ بەرخ نیت، تۆ مرۆڤیت، لەبەرئەوەی مرۆڤیشیت واتە قایل نابیت بەوەی کە

هەر لە پێخەفێکی گەرم و نەرمدا بیت، بەڵکو دەبێ هاوار بکەیت. کەواتە هاوار بکە!

گڕ و داوە سوورەکە و هاوار هێمان بۆ پەرەسەندنی داهێنەرانەی ژیان کە وەکو مەرجێکی پێویست بۆ تێکۆشان لە پێناوی ئازادیدا پێویستە مرۆڤ بە هەموو هێزی خۆیەوە سازشی لەگەڵ بکات.

بە بۆچوونی کازانتزاکیس "ئازادی" بەر لە هەموو شتێک واتە نەترسان و هیوابڕاوی. پێویستە مرۆڤ لە کامڵبوونی تاکە کەسییانەی خۆی و لەو دونیا نەترسێت. پێویستە چاوەڕێی هیچ نەبێت لە خەڵک و، بۆ خەڵات و پلەوپایە هەوڵنەدات. هەروەکو ئیبن ڕوشدی فەیلەسووفیش ئەڵێت: "ئەو ئاکارەی لەسەر بناغەی داواکردنی پاداشت و ترس لە سزا دادەمەزرێ، ئاکارێکە شایستەی ئەولیاکانی خوا نییە، بەڵکو ئەوە ئاکارێکی نائاکارییە".

ئەمە گرنگترین سیمای هزری کازانتزاکیسە، هەر بۆیە بە ڕێکەوتیش نییە کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی لە هیراکلیۆن- کریت؛ نووسراوە " هیچ هیوایەکم نییە، لە هیچ ناترسم، کەواتە ئازادم" واتە ئەو لە دواڕۆژ ناترسێت و، لە هەموو خەیاڵاتێکیش خۆی ڕزگار کردووە، ئازادە و گەیشتووە بە "خودای خۆی". کەواتە پەیامی کازانتزاکیس پەیامی ڕزگاربوون و ئازادییە.

بۆ گەیشتن بە "ئازادی"یش، پێویستە مرۆڤ بەردەوام "بالاّبڕوات". چونکە بە بۆچوونی کازانتزاکیس هەمیشە "بالاّڕۆیشتن" بەرزترین ڕێگایە. بالاّڕۆیشتنی بەردەوام، تێکۆشان لە هەموو چرکەساتێکدا بۆ گەیشتن بە پلەیەکی بالاّتر.

دوای گەیشتن بەو پلەیەش؛ دیسانەوە بەردەوام بوون لە سەرکەوتن بەرەو سەرەوە. بەلای کازانتزاکیسەوە، ئەوەی گرنگە ئازادی خۆی نییە؛ بەڵکو تێکۆشانە لە پێناوی ئازادیدا.

ئەمەش هەندێ نموونەن بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕایانە:

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پییر سیبریۆدا لە ڕادیۆی فەرەنسا (ساڵی **١٩٥٧**)دا سەبارەت بە پاڵەوێنەکانی ڕۆمانەکانی وتی: مەسەلەکە دواسەرکەوتن نییە بەڵکو تێکۆشانێکی بێوچانە".

لە "ڕاپۆرتێک بۆ ئالگریکۆ"شدا وردتری ئەکاتەوە و ئەڵێت:

لە سەروو کاروبارە تایبەتیەکانی خۆمانەوە، لە سەروو عادەت و خووە ئارامبەخشەکانمانەوە و لەسەروو خۆمانەوە، ئەرکێک ئەکەوێتە ئەستۆمان کە ئامانجێک لەبەرچاوبگرین و شەوو ڕۆژ بۆ گەیشتن پێی تێبکۆشین، بەبێ ئەوەی گوێ بدەینە پێکەنین، برسێتی و مەرگ. بگرە نابێ هەوڵبدەین پێی بگەین. چونکە دەروونی جوان کاتێ دەگاتە ئامانجەکەی دوورتر دەڕوات، ئەمەش تاقە ڕێگایە بۆ بەخشینی ڕەندی و یەکێتی بە ژیان.

لە ساڵی **١٩٥٢**یشدا بۆ "کنۆس"ی هاوڕێی و وەرگێڕی سوێدیی نووسی:

بابەتی سەرەکیی کارەکانم، کە دەشێ تاقە بابەتیش بێت، بریتییە لە: ململانێی مرۆڤ لەگەڵ "خواوەند"دا. ململانێی بەردەوامی ئەو کرمەی پێی دەڵێن "ئینسان" دژ بەو هێزە باڵا و تاریکانەی لەناو ناخی خۆی و لە دەوروبەریدا هەن؛ سەرسەختی و تێکۆشان و بەردەوامبوونی ئەو پزیسکەی کە دەیەوێ ڕێی خۆی ببڕێت و بەسەر تاریکی هەتاهەتایی

زەبەلاحدا زاڵ بێت. ململانێ و خولیا بۆ گۆڕینی تاریکی بە ڕووناکی و، کۆیلایەتی بە ئازادی. هەموو ئەو شتانەی لە ڕۆژگاری داگیرکردندا نووسیومن؛ بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم، لەسەر ئازادی و تینوێتی و تامەزرۆیی قووڵە بۆ ئازادی: پرۆمیسیۆس، زۆربا، قوستەنتینی بالیۆلۆگی، هتد.. کاتێ جەماوەری کۆمۆنە لە "ڕێنوار"یان پرسیی؛ لە ڕۆژگاری کۆمۆنەدا چیی دەکرد، وەڵامی دانەوە و وتی: "وێنەی گوڵم دەکێشا". بەڵام من وێنەی ئازادیم دەکێشا!

ئەم ئازادییەی کە پەیوەستە بە تاک و کۆمەڵەوە: ئازادیی تاکەکەسی، ئازادیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئەمانە بناغەی ڕەوتی سیاسییانەی کازانتزاکیس بوون.

"کازانتزاکیس"یش وەکو بیرمەندە یۆنانی و بیانیەکانی تر، کەوتبووە ژێر کاریگەریی تەوژمە سیاسیە گەورەکانی سەردەمەکەیەوە: ناسیونالیزم، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، مەسیحیەتی کۆمەڵایەتی. بەڵام هەرگیز نەچووە ڕیزی حیزبێکی سیاسییەوە و نەبوو بە ئەندامی پارتێکی دیاریکراو، لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤێکی ئازاد بوو.

بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی کە لە کاتی پێویستدا بۆ بەرگریکردن لە ستەملێکراوان و دژی برسێتی و دژی جەنگ و لە پێناوی ئاشتیدا؛ هەڵوێستی ئاشکرای هەبێت. هەڵوێستەکانی مۆرکی خەمی مرۆیی و ئاکارییان بەخۆوە دەگرت، مەرج نەبوو هەمیشە شەقڵێکی سیاسییان هەبێت. لە ساڵی **١٩٥٧**دا و لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕادیۆی فەرەنسادا وتی: "ئەمڕۆ من بڕوام وایە کە پەیامی نووسەری "بەئاگاهێن" پێویستە بۆ هەموو

ئەو وڵاتانەی کە چەوساندنەوەیان تیایە و، تا ڕادەیەکی زۆر مەبەستم لە هەموو زەویشە".

ئەم لێدوانە و، لێدوانەکانی تریشی، ڕادەی وردبینی و قووڵیی ئەو پیشان ئەدەن لە شیکردنەوە سیاسییەکانیدا.

"تا ساڵی **١٩٢٣** بە خۆشی و خرۆشەوە بەلای ناسیونالیزمدا شکاندبوومەوە.. لە **١٩٢٣**شەوە تا **١٩٣٣**، بە هەمان جۆش و خرۆشەوە ڕیزەکانی چەپم تێپەڕاند (هەروەکو دەزانن من هەرگیز کۆمۆنیست نەبووم)، ئێستاش قۆناغی سێیەم بەسەردەبەم -لەوێنەیە دوا قۆناغیش بێت- کە ناوی دەنێم قۆناغی ئازادی. ئێستا لەژێر هیچ سێبەرێکدا نیم. بە تەنها سێبەری خۆمە، سێبەرێکی ڕەشی تۆخ، کە لارەلار بەرەو سەرەوە دەچێت. خۆم لە ڕەنگی سوور و لە هەموورەنگەکانی تر ڕزگار کرد. چیدی چارەنووسی خۆم -ڕزگاربوونی خۆم- بە هیچ بیرۆکەیەکەوە نابەستمەوە، ئیدی ئەو بیرۆکەیە هەرچییەک بێت.

لە ساڵی **١٩٢٨**دا سەفەرێکی بەرەو ئاسیای سۆڤێتی کرد. بە بیناکانی سەمەرقەند و بوخارا سەرسام بوو. نووسیی: بە داخەوە ئەم دوو شارە بەرەو داڕمان ئەچن: چونکە خەریکن بەرەو شارستانی دەچن، واتە ڕۆحی خۆیان لە دەست ئەدەن و لاسایی مۆسکۆ ئەکەنەوە کە لاسایی ئەوروپا دەکاتەوە و، ئەوروپاش لاسایی ئەمریکا دەکاتەوە.

### ٢-سروشتپەرستی:

کازانتزاکیس وەک بت سروشتی ئەپەرست. عاشقی سروشت بوو و بەردەوام لە کارەکانیدا وەسفی دەکرد. لە "تەسەووف"دا دوو بەشی بۆ تەرخان کردووە. لە سروشتدا ڕەهەندێکی خودایی دەبینێتەوە. زەوی بە ڕادەیەک سەرسامی کردبوو، کە حەسرەت ئەکێشێت لەبەرئەوەی ناچارە جێی بهێڵێت. کازانتزاکیس لە سروشتدا دیمەن و زەوی و ئاو و دەریا و باو شاخ و لادێ و ڕووەک و بەروبووم و گیانەوەر و ئاسمان و خۆر کۆدەکاتەوە.

هەموو شتەکان لای ئەو پێکەوە بەستراون. ئەوەتانێ لە "زۆربا"دا دەڵێت: "خۆزگە دەمانزانی بەرد و گوڵ و باران دەڵێن چی،تۆ بڵێی بانگمان بکەن و ئێمە گوێمان لە دەنگیان نەبێت. . کەی گوێی خەڵکی ئەکرێتەوە؟ کەی چاومان ئەکرێتەوە و دەتوانین ببینین؟ کەی دەستمان دەکرێتەوە تا باوەش بە هەموو شتەکاندا بکەین؛ بەرد و گوڵ و باران و خەڵک؟

ئەو خوازیاری سروشت بوو تا هێزی پێبەخشیبایە، تا تێکەڵی خەڵکی سادە بێت. ئەو وەسفەشی کە کردوویەتی بۆ دیدارەکانی لەگەڵ سارانشین و کریتییەکاندا؛ وەسفێکی زۆر جوانە.

ئەو دیمەنی سروشتی دەپەرستێت. وایدەبینێت کە خەڵکی نابینن و وەکو نووسیویشیەتی "ڕووبەڕووبوونەوەیەک نییە لە نێوان دیمەن و ئینساندا". هەروەها ئەو ڕەخنە لە خراپ بەکارهێنانی سروشت دەگرێت. لە "تۆدارابا"دا داوا لە خەڵک دەکات: سادە و دڵباش بن، ئادەمیزادتان خۆشبوێت، گیانەوەر و ڕووەکتان خۆش بوێت. سروشتتان خۆشبوێت و دەستدرێژی مەکەنە سەری!

کازانتزاکیس حەز لە سەنتەرە شارستانیەکان ناکات و لەناو شاردا هەست بە تاسان دەکات؛ لەبەرئەوەی جۆرێک لە ساختە و درۆ باڵ بەسەر شاردا دەکێشێت. دیمەنی سروشتیی کێڵگەکان زیاتر لەگەڵ ڕۆحیدا ئەگونجێت و تامەزرۆیی بۆ هەق لا زیاتر دەکات. "لە ئیجینا ئارامی و بانیژەو دەریا و کەژم بەدەست هێنایەوە. هەروەها خۆشم. ئای کە ژاوەژاوی ئەسینا چەند شتێکی هیچە و چەند بە پێچەوانەی سروشتی منەوەیە".

کازانتزاکیس بە گوێگرتنی بەردەوامی بۆ سروشت؛ بە دوای لێکگەیشتن و گونجان و تەبایی تەواوی نێوان خۆی و گەردووندا دەگەڕێت.

لای کازانتزاکیس هەموو شتێکی ئەم سروشتە بەشێک لە ڕۆحی تیایە و بەمجۆرە لە خودا بووندا بەشدارە. گەڵایەکی سادەی درەختێک وەکو گەردوون شایەتی لەسەر پەرچووی دروستبوونی ئەم گێتییە ئەدات.

ئەو ڕواقی "زاهید"ەی کە کازانتزاکیس عەوداڵی بوو، بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێت و بە هەندێ ڕستەی غەمگینانەشەوە، کە مرۆڤ لە سەروو هەموو بیرکردنەوەیەکی بەرزەوە سەبارەت بە مەرگ و مەرجی مرۆیی، بەلایەوە زۆر دژوارە لە زەوی جیابێتەوە.

لە "ڕاپۆرتێک بۆ ئالگریکۆ"دا دەنووسێت:

(ئەو) لە بەردەم ڕووناکیدا دوودڵە. بە لایەوە سەختە چاوی، گوێی، هەناوی، لە بەرد و گژوگیاکانی ئەم دونیایە هەڵکەنێت. دەگوترێ: من تێر بووم، ئارامم، هیچم ناوێت، مەرامەکانم

هاتنەدی، وا دەڕۆم، بەڵام دڵ هەر ئاوێزانی بەردو گژوگیایە و بەرهەڵستی دەکات و، دەپاڕێتەوە: جارێ چاوەڕێ کە.

ئەم هەستەو ئەم شڵەژانەیە کە ئۆلیس لە پێش مەرگیدا و لای کانییەکەوە بینی پێوە دەنێت تا تینوێتییەکەی بشکێنێت: ئەمە چ زەوییەکە! هاواری کرد و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک. دەروون چۆن دەتوانێ جێیبهێڵێت؟

### ٣-لە پێشبوونی ڕۆح (یان ئەولەویەتی ڕۆح):

بۆ تێگەیشتن لە هزری "ئایینی" کازانتزاکیس پێویستە چەند ئاستێک لەیەک جیابکەینەوە:

-ئاستی ئایین.
-ئاستی کڵێسا.
-ئاستی ئاینداری (یان ڕۆحی ئایینی) و ڕۆحانیەت.

مامۆستای یۆنانی بەم جۆرە جیاوازی لە نێوان ڕۆحی ئایینی و ئاییندا دەکات: ڕۆحی ئایینی کاکڵەکەیە، ئایینیش توێکڵەکە. ڕۆحی ئایینی ئەزموونە، ئایینیش دەربڕینە. ڕیشەییە، لە سەرچاوەکەوە هەڵدەقوڵێت، ئایین لێوەی وەردەگیرێ، هەیە هەموو ئایینەکان ڕەتدەکاتەوە، بەڵام کەسێک نییە ڕۆحی ئایینیی تیا نەبێت، لەبەرئەوەی مەیل بۆ ئاینداری لە پێکهاتەی سروشتی سایکۆلۆژیی مرۆڤدایە".

کازانتزاکیس بە تەواوی لایەنگری ڕۆحی ئایینی و ڕۆحانیەتە، بەڵام لەسەر ئاستی دینێک یان کڵێسایەکی دیاریکراو نا، کە ئەوکات دەبێتە دەزگایەک و لەسەر بناغەی (دیسپلین و بیروباوەڕو میتۆد و هتد..) دادەمەزرێ.

ئامانجی هەمیشەیی و باڵای کازانتزاکیس گەڕان بوو بە دوای خوادا و بە درێژایی ژیانی لە پێناوی "تەبایی و ئازادیی ڕەها و ڕێگای باڵاڕەو"دا تێکۆشا.

لە "تەسەووف"دا نووسیی:

تاقە ئارەزوویەک دایگرتووم: ئارەزووی پەردەهەڵماڵین لە ڕووی ئەو شتەی لەودیو بینراوەوە خۆی حەشارداوە، ئارەزووی پەیبردن بەو نهێنییەی کە ژیانم پێدەبەخشێت و لێم دەسێنێتەوە و، ئارەزووی زانینی ئەوەی ئاخۆ ئامادەبوونێکی شاراوەی هەتاهەتایی لە پشت ئەم لێوانلێوبوونە بەردەوامەی جیهانەوە هەیە.

لە ڕوانگەی کازانزاکییەوە خوا لە هەموو بوونەوەرێکدا هەیە. لە هەژارەکەی ئەسیزیدا نووسیی: "هەموو مرۆڤێک، تەنانەت بێباوەڕترینیشیان، لە ناخی خۆیدا خوای داناوە، لە دڵیدا". بەڵام لای کازانتزاکیس خوا یەقین نییە، بەڵکو گەڕانێکی بەردەوامە. ئێمەین کە خوا دروست دەکەین، دەیکوژین. هەر خۆشمان دەبێ ڕزگاری بکەین و بەو کارەشمان بەشداری لە پەرەسەندنی خوڵقێنەرانەی جیهاندا بکەین. جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ناونیشانی لاوەکیی وتاری "تەسەووف"، ڕزگارکەرانی خوایە. خواکەی کازانتزاکیس خوایەکی شەخسیە، نەک خوایەک لە سەرەوە. ئەو لە هەموو ئایین و فەلسەفەکانی کۆڵیوەتەوە، بە تایبەتیش دەقی ڕابەرە ڕۆحیەکان و مەسیحیەکان و موسڵمانەکان و هندۆسەکان و بوودایییەکان.

لە "زۆربا"دا، کازانتزاکیس سی جۆر ئادەمیزاد پۆلێن دەکات:

-ئەوانەی کە دەیانەوێ ژیان بەرنە سەر و بخۆن و بخۆنەوە و دڵداری بکەن و دەوڵەمەند بن و بەناوبانگ بن.

-پاشان ئەوانەی کە بە تەنها بوونی تایبەتیی خۆیان لا مەبەست نییە، بەڵکو بوونی هەموو مرۆڤایەتی و، هەستدەکەن ئادەمیزادەکان هەموو یەکن، بۆیە هەوڵی هوشیارکردنەوەیان ئەدەن و چەند بتوانن خۆشەویستییان ئەدەنێ و هەوڵی چاکەیان بۆ ئەدەن.

-دواجاریش ئەوانەی کە دەیانەوێ ژیانی هەموو گەردوون بژین:

هەموو؛ بە مرۆڤ و گیانەوەر و ڕووەک و ئەستێرەوە، چونکە هەموومان گەوهەرمان یەکە و هەمان ڕەنجی سامناک ئەدەین. چ ڕەنجێک؟ گۆڕینی ماددە بۆ ڕۆح.

*٤-زەرورەتی تێپەڕاندن و پێکەوەگونجاندن:*

سەرچاوەی گشت کارەکانی کازانتزاکیس "کریت"ە.. خاک و زمان و دابونەریتی کریتی لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و شوناسێکی کریتیانەیان پێ بەخشیوە.

هەر بۆیە ئاخۆ دەکرێ کازانتزاکیس بە نووسەرێکی "ناوچەیی" وەسف بکەین؟ هەرگیز نا. ڕاستە کازانتزاکیس بە قووڵی کریتی بوو، "عیشقێکی نزیک بە عیشقی سۆفیانە" بە کریتەوەی بەستبۆوە. بەڵام ژیان و کارەکانی هزری کریت تێدەپەڕێنێت. ڕەگوڕیشەی کریتییە، بەڵام هوشیارییەکەی هوشیارییەکی یونیڤێرساڵە. لە بارەی کریتەوە نووسیویەتی، بەڵام لە کریت تێپەڕیوە تا بایەخ بەو کێشانە بدات کە کێشەی

هـــەمو ئـــادەمیزادێکن، لەهـــەر کوێیـــەک بێـــت. ئەمانـــەش ســـێ نموونەی مەغزادارن:

١-بـــە ڕای عـــەزیز عیـــززە کـــە یەکێکـــە لـــە باشـــترین ژیننامەنووســـەکانی: "کـــازانتزاکیس بـــەردەوام ئـــەوەی دووپـــات کردۆتەوە کە گەورەترین بایەخی لە ژیانیدا بەو دوالیزمە بووە کـە لەگـەڵ هـەموو شـتێکدا هەیـەو هـەروەها ئـەو دژایەتییـە ناڕوونەی کە لە نێوان توخمەکانی یەکەی باڵادا هەیە. بە ڕای ئـەو ئاشتی لە نێوان کار و بینیندا، لە نێوان چاکە و خراپەدا، لە نێـوان تاریکی و ڕووناکیدا، لـە نێـوان جەسـتە و ڕۆحـدا، تاقـە وەسیلەی ئادەمیزادە بۆ تێپەڕاندنی خۆی و گەیشتن بە خوا.

٢-جەنگی نێـوان تـورک و یۆنـان کـە لـە زۆربـەی کارەکانیـدا هاتووە؛ ڕەهەندی تر لە خۆی دەگرێت، ئەبێتـە چـاکە و خراپـە، تـاریکی و ڕوونـاکی، خـوا و شـەیتان. کـاپتن میخائیـل دژ بـە داگیرکەری عوسمـانی شـەڕی دەکـرد، بـەڵام کـازانتزاکیس دژ بـە داگیرکەرێکی تر شەڕی دەکرد، کە ئەویش نەگریسی و نەزانین و ترس و بیروبۆچوونی هەڵە و بریقەداری بتەکان بوو.

٣-لـەو چـاوپێکەوتنەیدا لەگـەڵ ڕادیـۆی فەرەنسـادا لـە سـاڵی **١٩٥٧**دا، جـەختی لەسـەر ئـەم بیرۆکـەی تێپەڕاندنـە کـردەوە و جیاوازیی لە نێوان سێ جۆر ڕۆماندا کرد:

*ئەو ڕۆمانەی لە "حانووتی گەورە" دەچێت: ئەم ڕۆمانانە لـە شـوێن و کـات ڕادەکـەن و لـە هـەوادا دێـن و دەچـن، بێ ڕەگوڕیـشەن و بـە زیرەکییـەوە و بـە گـوێرەی ڕەچـەتە نێودەوڵەتیەکان خوڵقێنراون.

*ڕۆمانی ناوچەیی یان نەتەوەیی، کە ڕەگوڕیشەی لە زادگاکەیدا ڕەگاژۆ بووە و گوزارشت لە شێوازی بیرکردنەوە و هەستکردن و ژیان و مەرگی تایبەت بە میللەتێکی دیاریکراو دەکات. ئەم ڕۆمانانەش لە قەڵا دێرینەکانی وڵاتێک دەچن، نرخی خۆیشیان هەیە، لەبەرئەوەی دەتوانن ئەقڵ و هەستیاریمان دەوڵەمەند بکەن.

*ئەگەر ئەم ڕۆمانە ناوچەییانە توانییان سنوورە نەتەوەییەکان تێبپەڕێنن و بگەن بە ئادەمیزاد لەهەر ڕەگەزێک بێت، ئەوکات دەگەینە جۆری سێیەمی ڕۆمان، کە باڵاترینیانە.

قووڵبوونەوەی مرۆڤ لە ئادەمیزادەکانی وڵاتەکەی خۆیدا؛ تا دەگاتە ئادەمیزادی ناولێنەنراو بە فەرەنسی، یۆنانی، یان چینی. ئادەمیزاد وەکو ئەوەی هەیە، ئەبێ ئەمە ئامانجی بەرزی ڕۆماننووس بێت.

بەڵام با ئەم بیرۆکە زۆر گرنگە دووپات بکەینەوە: مرۆڤ ناتوانێ بە ئادەمیزادی "هەموو وڵاتەکان" بگات؛ تەنها لە ڕێی ئادەمیزادەکانی "وڵاتەکەی خۆی"ەوە نەبێت.

لە هەندێ دەقی تردا کازانتزاکیس لەوە دوورتر دەڕوات. بە ڕای ئەو پێویستە بیرمەند "گونجان"ێک لە نێوان ڕەگوڕیشەی خۆی و کەلتوورەکەی و لە نێوان جیهانی هەنووکە و پاشەڕۆژدا بهێنێتە دی.

عەزیز عیززە نووسیویەتی:

سەرچڵیی گەورەی کازانتزاکیس ئەوە بوو کە ویستی گونجانێک لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بهێنێتە دی، لە نێوان ڕامان و کاردا، لە نێوان بوودا و ئەفلاتووندا، هەروەها لە

نێوان مەسیح و لینیندا. گەر دۆستۆیڤسکی چاخێکی زۆر کۆنی خولّقاندبێت؛ ئەوا کازانتزاکیس چاخێکی نوێی تری خولّقاند، چاخی نوێی مرۆڤی ئەمڕۆ،کە ئەگەرەکانی مرۆڤی سبەینێشی لەنا هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.

بەڵام با لێگەڕێین تا کازانتزاکیس لە سێ دەقی مەغزاداردا ئەم خاڵە ڕوون بکاتەوە:

١-ناکرێ نە خۆرهەڵات و نە خۆرئاواش ڕەتبکەینەوە. ئەم دوو هێزە دژە بە قووڵی لەناو ناخماندا ڕەگاژۆ بوون و لە یەکتر جوێ نابنەوە. ئەمەش ئەرکی ئێمەیە، ناچارین یان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بە یەکەوە بلکێنین، واتە لە گونجاندنێکی سەختدا سەرکەوتن بەدەست بهێنین، یانیش وەکو کۆیلە گیان بسپێرین.

٢-ئەو ڕوانینە سەنتراڵەی کە لەم ساڵانەی دواییدا مۆرکی بە ژیان و کارەکانم داوە، "لە سەرەوە" بۆم نەهاتووە، لە ڕۆشنبیریی زانستی و حاڵەتی میتافیزیکییەوە، بەڵکو "لە خوارەوە" بۆم هاتووە، لە قووڵایی خاکەکەمەوە.

کریت.. ئەو گونجانەیە کە من هەمیشە هێناومەتە بەرچاوم: گونجانی نێوان یۆنان و خۆرهەڵات. من لەناو خۆمدا نە هەست بە خۆرئاوا و نە بە یۆنانی کلاسیک ئەکەم وەک "ئیکسیر"ێکی پەتی، نە بە هەراوزەناو، نە بە ملکەچی و بێئیرادەیی خۆرهەڵات. بە پێچەوانەوە، هەست بە گونجانێک ئەکەم. "من" سەیری خەرەندی عەدەم ئەکات بەبێ ئەوەی تیابچێت، بگرە زیاتر، ئەم تێڕوانینە دیارە بۆ ژیان و مەرگ ناودەنێم تێڕوانینێکی کریتی.

٣-لە دوا دەقیشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە:
تێڕوانینی کریتی مانای ڕەتکردنەوەی ژیارەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات و یۆنانی کۆن ناگەیەنێت. بەڵکو مانای گونجاندنێک لە نێوان هەموو ئەمانەدا، بەبێ فەرامۆشکردنی بەشداریکردنی نوێ، هەنگینێ ژیانیش دەبێتە ژیانێکی نوێ و فراوانتر و قارەمانانەتر و هوشیارانەتر.
کازانتزاکیس بە وردی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە مرۆڤ ڕەگوڕیشەی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەبێ بایەخ بە میللەتان و ژیارەکانی تر و بەها ڕاستەقینەکان و "ئازادبوونی ڕۆحی" و سروشت بدات.
تاتیبەتمەندیی نەتەوەیی و جیهانی، خەسڵەتە سەرەکیەکانی هزری ئەون. ئەم خەسڵەتانەش چ لە جیهانی ئێستادا و چ لە جیهانی سبەینێشدا هەنووکەیی خۆیان دەپارێزن.

## سێیەم: پەیوەندییەکان لەگەڵ فەرەنسا و خۆرهەڵاتدا

### *ا-پەیوەندیی کازانتزاکیس لەگەڵ فەرەنسادا*

**١-ماوەی مانەوەی:**

سەفەری یەکەمی بۆ فەرەنسا دەگەڕێتەوە بۆ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧. کازانتزاکیس ئەودەمە گەیشتە پاریس تا حقوق بخوێنێت و تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو. با بزانین لە "ڕاپۆرتێک بۆ ئالگریکۆ"دا چۆن باسی سەرنجە سەرەتاییەکانی دەکات:

نەرمەباران بوو، خۆریش هەڵدەهات. دەموچاوم بە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە نووسابوو. لەودیو تۆڕی تەنکی بارانەکەوە، پاریس لەنێو ئەسرینەکانیدا خۆی دەنواند و بە دەم زەردەخەنەوە پێشوازیی لێدەکردم.

پردەکانم دەبینی تێدەپەڕین، خانووە چەند نهۆمیەکان، کە ڕەش داگەڕابوون، باخچەکان و کڵێساکان و دارکەستانەکانیش کە لە گەڵا ڕووت ببوونەوە و، خەڵکەکانیش لە شەقامە پانە بریقەدارەکاندا بە پەلە دەهاتن و دەچوون.

مرۆڤ چۆن لەودیو داوەکانی تەونێکەوە ڕوخساری تەوندرووەکە دەبینێت، منیش ئاوەها ڕوخسارە دڵڕفێنەکەی پاریسم لەودیو داوە شۆڕبووەکانی بارانەوە دەبینی، کە لەبەر ڕۆشناییەکی کەمدا زەردەخەنە تەنیبووی.

تا شوباتی ساڵی ۱۹۰۹ لەوێ مایەوە و بۆ کۆلێج دۆفرانس دەچوو و ئامادەی وانەکانی بێرگسۆن دەبوو. هەروەها سەری لە "سۆربۆن"یش ئەدا. هەندێ وتاری بۆ ڕۆژنامە یۆنانیەکان نووسی. هەر لە پاریسیش بۆ یەکەمجار بە هزری "نیچە" ئاشنا بوو.

لە پایتەختی فەرەنسادا چەند ڕۆمانێک و هەندێ وتار و شانۆنامەی نووسی. ئەم ماوەی مانەوەیەی لە پاریس یەکەم بەرخوردی بوو لەگەڵ فەرەنسا و گەلی فەرەنسیدا. زۆر شت لە بواری جۆربەجۆردا فێربوو و سەرسام بوو بەم وڵاتەی کە دواتر بۆ چەند جارێکی تر تیا مایەوە. لە ساڵانی **۱۹٤۷** و **۱۹٤۸**دا لە پاریس لە یۆنسکۆدا کاری کرد. هەر لەوێ لەگەڵ

هەندێ کەسێتیدا ئاشنابوو، بە تایبەتی لیۆن بلۆم و ڕۆژێ غالوا و ژان پۆڵ سارتەر و دۆق برۆلی.

لە حوزەیرانی ١٩٤٨دا کازانتزاکیس لە ئەنتیپ نیشتەجێ بوو و بۆ ماوەی نۆ ساڵ لەوێ مایەوە، تا کۆچی دوایی کرد. حەزی بە ژیان بوو لەوێ. لە نامەکانیدا زۆرجار ئەوە ئەڵێتەوە. "هیلین"ی هاوسەریشی لە کتێبەکەیدا بە خرۆشانەوە باس لەوە دەکات. زۆربەی ڕۆمانەکانی کازانتزاکیس، یەک بە دوا یەکدا، لە ئەنتیپ نووسراون.

هەر لە ئەنتیپ پێشوازیی لە ئەدیبان و هونەرمەندان وا مۆسیقازانان و سیاسەتمەداران ئەکرد. هەروەها لە وەرگێڕەکانی کارەکانی کە لە وڵاتانی ئەوروپی و ئاسیایی و ئەمریکای لاتینەوە دەهاتن بۆ لای.

کازانتزاکیس عاشقی پیاسەکردن بوو لە ڕۆخ دەریاکە (دوای ئەوەی گەشتیاران لەوێ نەدەمان)، بەناو دارستانەکانی غاروبدا و، یان بە بەرزاییەکانی ئەنتیپدا پیاسەی دەکرد. لەبەرئەوەی هەڵوەدای سەفەریش بوو، هەموو جارێک چێژی لەوە دەبینی بگەڕێتەوە بۆ "قۆزاخە"کەی (کوکولی) لە ئەنتیپ.

### ٢-*خۆشەویستیی بۆ کەلتووری فەرەنسی*

ئەم خۆشەویستییەی لە شێوەی جۆراجۆردا خۆی دەنواند:

ڕ-خوێندنەوەکانی لە دوورگەی ناکسۆس:

لە ساڵی ١٨٩٧دا و دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کریتییەکان لە لایەن تورکەوە، خێزانەکەیان لە قوتابخانەی کاسۆلیکی ڕۆمانیی فەرەنسی لە ناکسۆس ناوی کازانتزاکیسیان تۆمار

کرد. ئەوسا تەمەنی چواردە ساڵ بوو! قوتابییەکی زرنگ بوو. لە ڕاپۆرتێک بۆ ئالگریکۆدا باسی مانەوەی خۆی دەکات لەو دوورگەیە و لەو قوتابخانەیەدا. ئەوە یەکەم ئاشنابوونی بوو بە کەلتووری فەرەنسی. فێری فەرەنسی بوو و دەستی بە خوێندنەوەی بەرهەمی هەندێ نووسەری فەرەنسی کرد، بە تایبەتیش شاعیرەکانیان.

ب-بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی:

حەزی دەکرد بە فەرەنسی قسە بکات. لەو نامانەیدا کە بە یۆنانی یان ئینگلیزی نووسیونی، زۆرجار دێڕ یان وشەی فەرەنسیی تێدەئاخنی. با وردتر لەسەر ئەم خاڵە بدوێین:

-هەندێ دەق کە ڕاستەوخۆ بە فەرەنسی نووسراون:

*تۆدارابا

*مۆسکۆ هاواری کرد

*باخچەی بەرد

*باوک، دەقێکە لە ساڵی **١٩٢٩**دا نووسراوە. فەوتاندی و دواتر لە ڕۆمانی کاپتن میخائیل (یان ئازادی یا مەرگ)دا بەکاری بردەوە.

-هەندێ دەق کە کازانتزاکیس بۆ فەرەنسی وەرگێڕاون

*یۆلیانۆسی یاخی

*میلیسا

***-ئامادەکردن بە فەرەنسی***

له ساڵی **١٩٣٢**دا تراژیدیاکەی خۆی (نیقفۆرۆس فۆکاس) و کۆمیدیای (کاردینال بیبینا کالاندریا)ی بۆ شانۆ ئامادە کرد تا "لوی ژۆڤیە" (کە دەیناسی) دەریانبهێنێت.

***-وەرگێڕان لە فەرەنسیەوە***

هەشت کتێبی ئەم نووسەرانەی لە فەرەنسیەوە کردووە بە یۆنانی:

کۆکتۆ، ک. ڕ. لیسان، بێرگسۆن، مۆریس میتەرلەنگ، ئەلفۆنس دۆدێ، ژۆل ڤێرن.

-کتێب بە یۆنانی لەسەر نووسەران و زانایانی فەرەنسا

*لە ساڵی **١٩١٣**دا بێرگسۆن و فلۆبێری بە خوێنەرانی یۆنانی ناساند.

*لە نێوان **١٩٢٧** و **١٩٣١** و لە "ئینسایکلۆپیدیای ئیلفسیرۆزاکیس"ی یۆنانیدا کۆمەڵێک پێناسی بۆ هەندێ زانا و نووسەر و شاعیری فەرەنسی نووسیوە و ئەمەش کارێکی کەم نییە.

هەروەها کازانتزاکیس خۆی کۆمەڵێک نووسەری فەرەنسایی خۆشدەویست، لەوێنەش بە تایبەتی: بێرگسۆن، کامۆ، شاتوبریان، کلۆدیل، هۆگۆ، لامارتین، مالرۆ، مارتن دۆغار، مۆریاک، مۆنترلان، مۆسیە، ڕاسین، ڕۆسۆ، سارتەر و ئینجا بە تایبەتیش ڤالیری.

ئەمەش ڕای کازانتزاکیسە دەربارەی هەندێ نووسەر و شاعیری فەرەنسایی:

دەربارەی ئەندرێ جید:

"شێوازگەرایەکی گەورە بوو، مامۆستایەکی نووسەر، بەڵام نووسەرێکی گەورە نەبوو. کاریگەریی ئاکاریی لەسەر لاوی فەرەنسایی زیانبەخش بوو. کارەکانی لە ڕووی فۆرمەوە کامڵن، بەڵام من حەز لە ناوەڕۆکەکانیان ناکەم".

دەربارەی پۆڵ کلۆدیل:

"هێشتا کلۆدیل لە فەرەنسادا پیرێکی گەورەیە، دوای مەرگیشی، هیچی لێنامێنێتەوە جگە لە هەوادارەکانی".

دەربارەی مۆریاک:

"بەردەوام لە سەنگەری پێشەوەدایە بۆ خەبات لە پێناوی مرۆڤایەتیدا".

دەربارەی مالرۆ:

"نەک هەر ڕۆمانی زۆر جوانی نووسیوە، بەڵکو خولقاوی خۆشیەتی".

لە چاوپێکەوتنێکیشدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەدەبیی لاوانی فەرەنسادا (لە ساڵی ١٩٥٥)دا دەڵێت:

*لەناو نووسەرەکانماندا بە تایبەتی کامیانتان خۆشدەوێت؟

–هەڵبژاردنەکەمتان پێ سەیر نەبێت.. کە ڕەنگە هەڵبژاردنێکی نائاسایی بێت. بەڵام من حەز بە دژایەتیەکان دەکەم. بۆیە "مۆنتینی" و "پاسکال"م زۆر خۆشدەوێ، دوو شێوازگەرای سەرسوڕهێنن. هەروەها سان سیمۆن و مۆنتسکیۆ. لە ڕاستیدا من هەموو سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسام خۆشدەوێ، بە شێکی و زرنگییەوە. لای من پەرچووی فەرەنسیە. چرکەساتێکی نائاسایی چرکەساتەکانی مێژووتانە.. لانی کەم بە گوێرەی چێژی خۆم.

*ئـــەم هەڵبژاردنـــە مایـــەی ئابڕوومەندییـــە. ئـــەی لـــەناو هاوچەرخەکاندا؟

-من مالرۆ و سانت ئیگزۆپیری و مۆنتەرلانم زۆر خۆشدەوێ. هەروەها بە تایبـەتی مۆریـاک: ئەمـە چ ڕۆماننووسـێکی سـەیر و سەمەرەیە!! لە شیعریشدا ڤالیری دەپەرستم. ڤـالیری لووتکەیـە، کۆتـایی ژیارێکـە. زۆر زرنـگ و سەلاریـشە. گـوڵێکی بێ تـۆوە. لەسەر ئاستی مرۆییانەی پەتییش، دوو پیاو هـەن کـە ئەیانخەمـە سـەروو هـەموو ئـەوانی تـرەوە، ئـەو دووانـەش ئینـشتاین و شڤایتزەرن.

دواجاریش لە بارەی "هێنری بێرگسۆن"ەوە نووسیویەتی:

"بێرگسۆن وەڵامی گەلی لەو پرسـیارانەی دامـەوە کـە لـە تـافی لاوێتیمدا لە خۆمم کردوون. هەر بۆیە من زۆر قـەرزاری ئـەو و، هی فەرەنساشم کە ژیانی فیکریمی لە گەلی کێشە ڕزگار کـرد کـە بە دەستیانەوە دەمناڵاند.

### *ب-ئاوێزانبوونی کازانتزاکیس بە خۆرهەڵاتەوە*

خۆرهـــەڵات بـــەلای کازانزاکیـــسەوە جۆرێـــک بـــووە لـــە سەرسامبوون. بە خۆشەویستی و شـەیداییەکی سـەیرەوە باسـی خۆرهەڵات دەکات و لای ئەو خۆرهەڵات ئەفریقیا و خۆرهـەڵاتی دوور و ناوەڕاست و ڕووسیا و ئاسیاشی دەگرتەوە.

هـەوڵ ئـەدەم لـە ڕێـی نووسـینەکانی و لێداونەکانیـەوە ئـەم ئاوێزانبوونەی بە خۆرهەڵاتەوە بخەمەڕوو و لەم خاڵانە بدوێم:

١-پەیوەندیی بۆماوەیی.

٢-سەفەرەکان.

٣-نووسینەکان.
٤-هۆکارەکانی عەودالبوون.
٥-گرنگیی خۆرهەلات و پاشەڕۆژی.

***١-پەیوەندیی بۆماوەیی***

کازانتزاکیس لەو باوەڕەدا بوو کە ڕەگوڕیشەی عەرەبی و ئەفریقاییە.

لە کتێبی ڕاپۆرتێک بۆ ئالگریکۆدا دەڵێت:

بنەچەی خێزانەکەمان ئەچێتەوە سەر دێیەک کە دوو سەعات لە میغالۆ کاسترۆوە دوورە و پێی دەڵێن "بەرابیرە". کاتێ لە سەدەی دەیەمدا ئیمپراتۆری بیزەنتی "نەقفۆرۆس فۆکاس" کریتی لە عەرەب سەندەوە، هەموو ئەوانەی دەسبەسەر کرد کە لەو کوشتارگەیە ڕزگاریان بوو کە لە هەندێ دێ ڕوویدابوو، ئیتر ناوی "بەرابیرە" بەسەر ئەم دێیانەدا بڕا. لە یەکێک لەم دێیانەدا باوانی باوکم ژیاون و خەسڵەتی عەرەبییان هەبووە: سەرکێش، کەللەڕەق، کەمدوو، کەمیان نووسیوە و قیرسچمە بوون. بۆ سالانێکی زۆر تووڕەیی یا خۆشەویستی لەناو ناخی خۆیاندا حەشار ئەدەن، بەلام لە پڕێکا شەیتان سواری ملیان دەبێت و ئەتەقنەوە. چاکەی بالا بە لایانەوە ژیان نییە، بەلکو هەوا و هەوەسە. دلباش نین، نەرم نین، سێبەریان قورسە! داوای زۆریش ئەکەن، نەک لە خەلکی تر، بەلکو لە خۆیان..

لە ساڵی ١٩٢٧یشدا و لە سەفەرێکیدا بۆ شاخی سینا و، نووسیی: چێژ دەبینم کاتێ بیر لەوە ئەکەمەوە کە خوێنەکەم خوێنێکی گریکیی پەتی نییە و تا ڕادەیەک ئەچمەوە سەر

کۆچەرییەکان. لەوێنەیە یەکێک لە باپیرە کۆنەکانم، هاوکەژاوەی هیلالەکەی پێغەمبەر و ئالاّ سەوزەکەی بووبێت و لەگەڵ کاروانێکی عەرەبدا لە ئیسپانیاوە بەرەو ئەم دوورگەیە هاتبن کە پڕە لە شیر و هەنگوین: واتە کریت.

## ٢-سەفەرەکان

یەکەم جار کە کازانتزاکیس بۆ وڵاتێکی خۆرهەڵات و بەرەو قەفقاس چوو، لە تەموز و ئابی **١٩١٩**دا بوو. وەکو بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی هاوکاریی گشتی، سەرۆک وەزیرانی ئەوسای یۆنان "ئیلفسیریۆس فینیزیلۆس" ناردی بۆ جۆرجیا و ئەرمینیا تا ئەو یۆنانیانە بۆ نیشتمان بگەڕێنێتەوە کە بەلشفیەکان دەریان کردبوون، لە نووسین و نامەکانیدا زۆر کەم وەسفی دیمەن و ئاسەوار و میللەتانی قەفاس دەکات. دیارە ئەو دۆخە ناهەموارەی یۆنانیەکانی تیا بوون بە ڕادەیەک تووشی هێدمەی کردووە کە شتەکانی تری بە لاوە لاوەکی بوون.

لە نێوان ساڵانی **١٩٢٥** و **١٩٢٩**شدا سەردانی یەکێتیی سۆڤێتی کرد (ڕوسیا، ئۆکرانیا، قەفقاس، ئاسیای ناوەڕاست). لە ساڵی **١٩٢٩**دا سەردانی فەلەستین و میسر و شاخی سینائی کرد. ئەم سەفەرەی سەرسامی کرد و هەستی کرد لە وڵاتەکەی خۆیدایەتی.

لە ساڵی **١٩٣٥**دا چوو بۆ ژاپۆن و چین. لە ساڵی **١٩٥٧**یشدا دوا سەفەری خۆی کرد لە ژیانیدا بەرەو خۆرهەڵاتی دوور: ژاپۆن و چین.

ویستی لەسەر داوای خودی جەواهر لال نەهرۆ سەردانی تبت و هیندستانیش بکات. بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تەندروستی نەیتوانی ئەم خەونەی بهێنێتە دی.

### ٣-نووسینەکانی

لە نووسینەکانیدا گەلی ئاماژە بۆ خۆرهەڵات دەبینینەوە.

شیعر:

ئۆدێسە: ئیلهامی بەشێکی زۆری ئەم کارە مەزنەی لە خۆرهەڵاتەوە وەرگرتووە، یان لە وڵاتێکی ئاسیایی یان ئەفریقاییدا نووسیویەتی.

تارتسینیس: کۆمەڵێک سروود لەخۆ دەگرێت کە بۆ بوودا و جەنگیزخان و پێغەمبەر محەمەد گوتراون.

ڕۆمان: تۆدارابا، مۆسکۆ هاواری کرد، باخچەی بەرد.

شانۆ: بوودا

سیناریۆ: محەمەدی پێغەمبەر.

سەفەرنامە: ئیتالیا، میسر، سینا و، ئۆشەلیم، مۆریا، ژاپۆن و چین.

نامەکانی: لە ژمارەیەکی زۆری نامەکانیدا بۆ هاوڕێ* و کەسەکانی بە ئاشکرا باس لە خۆشەویستیی خۆی بۆ خۆرهەڵات دەکات.

### ٤-هۆکارەکانی عەوداڵبوونی بە خۆرهەڵات

چی وای لە کازانتزاکیس دەکرد لەوێنی تر زیاتر عەوداڵی خۆرهەڵات بێت؟ ئایا مەسەلەکە پەیوەندیی بە هەڵبژاردنێکی

ئایدیۆلۆژی، یا ئەدەبی و شیعری، یان عاتیفییەوە هەبوو؟ وا بزانم لە ڕێی هەندێ بڕگەی نووسین و نامەکانییەوە دەتوانم وەڵامی بەشێکی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

سروشت و گەلان

عەتر و میوە و ئاو و خوێ و ئاگر و ڕووناکیو بیابان و ئەو میللەتانەی دیونی، ئەمانە هەندێ بابەتی دووپاتبۆوەن لە نووسینەکانی کازانتزاکیسدا. ئەمانە هەندێ نموونەن.

..ڕۆژێکیان، کە بە سواری حوشترێکەوە چوومە ناو بیابانێکی عەرەبییەوە و ئاسۆیەکی بێکۆتایی ماتی لمی زەرد و پەمەیی و شینی دەمەوخۆرنشینم دی، کە بەبێ ئەوەی ئاسەوارێکی مرۆیی پێوە بێت لەبەرچاومدا شەپۆلی ئەدا، مەستییەکی سەیر دایگرتم و هاوارێک لە دڵمەوە هات، وەک ئەو واشەیەی دوای ساڵانێکی زۆر، دوای ملیۆنەها ساڵ دووری، ئەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی.

دواتر هەندێ ئاسەوارم لەسەر لمەکە بینی، ویستم بەدوایدا بچم تا بگەمە باپیرەکانم: ئاگر و ئاو. کاتێ ئاگرێک ئەبینم بە خۆڕایی ئەسووتێ، ڕائەچەنم، نیگەران ئەبم، نامەوێ بە خۆڕایی بسووتێ. کاتێکیش شێرەیەک ئەبینم ئاوی لێدەڕوات بەبێ ئەوەی گۆزەیەک پڕبکات، یان کەسێک ئاوی لێ بخواتەوە، یاخود باخچەیەک ئاوبدات، یەکسەر ڕائەکەم و ئەیگرمەوە..

ئاە.. خودایە.. ئاخۆ کەی دەتوانین پێکەوە بۆ ئەو سەفەرە سەرسوڕهێنەی میسر بچین؟! ئەوە خۆرهەڵاتە، وەک ئەوەی خۆشماندەوێ.. پڕە لە ڕووناکی و عەتر و خۆڵەمێشی نەوەیەکی بێشومار کە ئازاریان چەشتووە و عاشق بوون و نەماون.

.. وەکو هەموو خۆرهەڵاتیەکیش لە نێوان دژایەتیەکاندا گونجانێک دەخوڵقێنێت کە زەحمەتە ئەقڵی خۆرئاوایی ئەوە قبووڵ بکات: عیشق بۆ ژیان، خوانی ڕازاوە، دەسبازی و شەیدابوونی شەڕ.

*شاعیران و زانایانی خۆرهەڵات:*

زۆرجار کازانتزاکیس دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ زانا و بیرمەندی خۆرهەڵاتیی موسڵمان و هیندی. بە تایبەتیش میرزا عەبدولبەدیع و گاندی و تاگوور و بوودای خۆشدەویست.

*ئاسەوار و شارەکان:*

کازانتزاکیس وەختێ لە ڕوسیای سۆڤێتی و لە قەفقاس بوو، نووسیی:

چووینە ناو کازاخستان، بەفرێکی زۆر دەباری، بەڵام سوارێکم بینی سواری ئەسپێکی ڕەش ببوو، غاری ئەدا، ئەتوت لەناو لمی بیاباندایە. لە ناکاودا، لە دێیەکی دەستەڕاستمدا، گومەزێکی سەوزی مزگەوتێکم دی. لە خۆشیاندا دڵم کەوتە تەپەتەپ.

-

*سەمەرقەند:*

"من لە شارێکدام کە لە شاری حیکایەتەکانی جنۆکان ئەچێت، لــە شــارەکانی هــەزار و یــەک شــەوە. دەمەوبــەیان پــەردەی کابینەکـەم تـا نیـوەی لادا. پێدەشـتێک لـە دەرەوە خـۆی نوانـد، داربادەمـەکان کـە گوڵیـان گرتبـوو! خـۆر، گـەرمی، درەخـتی چـــرۆکردوو، بـــاخ و ئـــاو، موســـڵمانەکان لـــە جلـــە ڕەنگاوڕەنگەکانیانـدا بـوون. گوێدرێـژی بـچووک و بەسـزمان، هــەروەها حوشــتر. وا نیوەڕۆیــەو منــیش داڵغــەم لێــداوە. بازاڕەکەی خۆشە، مۆرکێکی ئیسلامیی پێوە دیـارە، خەڵکەکـەش هەمەچەشنەن، دەموچاوی مـەغۆلی، ژنـەکان پەچـەیان کـردووە، بە دەوریـشیدا نەخشونیگاری سـەوزی مـایۆرکی شـینی سـاکس هەیە، وەکو یەریڤان.

گۆڕەکەی تەیمور لەنگ و بیبی هانم لەناو چەقی شاردایە، لـە نزیک بازاڕەکە. ناوبەناو دەنگێـک لـە منارەیـەکی جوانـەوە دێ، یــان گومــەزێکی لاجیــوەردی. بــە دەوری هــەموو ئەمانەشــدا کۆمــەڵێک پیـاو بڵاوبوونەتـەوە، کـە جلوبـەرگی جۆراوجۆریـان لەبەردایە. هـەراوزەناو قـوڕاو و بـۆنێکی خۆشـی دار بـادەمێکی گوڵگرتــووش ئــەو نــاوەی تەنیوەتــەوە. بــەڵام لــە هەمانکاتــدا بۆگەنێکیش دێـت کـە هـی ئـاوێکی وەسـتاوە و میـز و.. شـارەکە، لەم ڕەنگە ئاسیاییەیدا، زۆر لـە ئۆرشـەلیم جـوانترە. ئێـرە دڵـی خۆرهەڵاتــە. بــەلای منــەوە ســەمەرقەند واتــە کەشــفکردنی خۆرهەڵاتێکی گەرمی ڕەنگاوڕەنگ.

بوخارا: "بوخارا خاوەن شتێکی خۆرهەڵاتیانەی کلاسیکە:

هێڵ و ڕەنگ و پەنهانی. ئەمەش سێگۆشەی دڵڕفێنییە لە چاوی دەروونێکدا کە عاشقی بیابانە".

### ٥-گرنگیی خۆرهەڵات و پاشەڕۆژی

کازانتزاکیس نووسیویەتی:

من نەزری ئەورووپا نەکراوم، بەڵکو نەزری خۆرهەڵات کراوم! گەڕانێک بەلای دیجلە و فوراتدا، لادانێک لە تبت، گەشتێک بۆ ناوەڕاستی ئەفریقیا. گەنجی گەورە وا لەوێ.

لەوێ هەزاران دێڕە شیعر هەیە کە وەکو مۆز بە تەنیشت یەکەوە ڕیزبوون. دەبێ.. دەبێ بچم بۆ ئەوێ.

ئەورووپا پیر بووە و پێویستە ئیتر گوێی بۆ ڕانەدێرین.

لە تۆدارابادا کازانتزاکیس نووسیویەتی:

بەڵام ئەم ژنە سەمازانە لاوە موسڵمانە کە خەڵکی باکۆیە، سەما هێمنەکەی و چۆنێتیی سەماکردن و ترۆپکی گڕ و ئارەزوو، ئەوپەڕی چێژیان پێ ئەبەخشی. ئاوڕی دایەوە، ئازاد لە تەنیشتیەوە ئەگریا، ئەورووپییەکان بە گاڵتەپێکردن و بێزارییەوە پێدەکەنین. بۆ یەکەمجار جیرانۆس بە توندی هەستی بەو مەودا گەورەیەی نێوان ڕۆحی خۆرهەڵاتی و ڕۆحی خۆرئاوایی کرد. دوو پیاو بۆ ئەو سەمایە هەڵدەلەرزین و دەگریان، دو برا بوون. ئەوانی تر هەموو کافر و دوژمن بوون.

بە بۆنەی دیدارێکیشەوە لەگەڵ نووسەرێکی جۆرجیدا، کازانتزاکیس نووسیی:

-لە هوشیاریی خۆرئاواییدا توخمی تاکەکەس باڵادەستە، بەڵام لە هوشیاریی خۆرهەڵاتیدا هەستکردن بە یەکبوونی قووڵ

لەگـەڵ گەردوونـدا زاڵـە. مرۆڤـی خۆرئـاوایی لـە ""گشتی مـەزن" تــرازاوە، ویلاّشــی بــەینی ئــەو و بــەینی گــەردوون پــساوە. لەبەرئەوەی زۆر هەژار و سەرەڕۆشە، بووە بە مۆنادێکی ئاقـڵ، واتە بە دەوری خۆیدا خەندەک لێ ئەدات و خۆی دائەبڕێت. بەڵام مرۆڤی خۆرهەڵاتی، بە پێچەوانەوە، دووڕەگە؛ بە وابەستەییەوە بەو "گشت"ەوە ئـەژی و ئەهـەژێ. لای خۆرهـەڵاتی بـاوک زاڵـە و لای خۆرئـاوایش کـوڕ. بـەڵام خەریکـە هاوسـەرێتیی نێـوان ئـەم دووانە نزیک دەبێتەوە، واتە هی نێوان ئاسیای ونبوو لـە گشتدا و ئەورووپای تاکگەرای ئاقڵ.

کازانتزاکیس بە گەشبینییەوە دەیڕوانییە پاشەڕۆژی جیهانی خۆرهەڵات. لەم بڕوایەشیدا پشتی بە چەند خاڵێک ئەبەست:

*بۆ ئەوەی وا لە گـەلانی خۆرهـەڵات بکـەن کـە هـاوڕایـان بـن، ئەورووپیەکان ئەم گەلانەیان فێرکردووە کە مافی خۆیان هـەیـە و گەر یاریدەیان بدەن ئازادیی خۆیان بەدەست دەهێنین.

*بـە تێکـەڵاوبوونیان لەگـەڵ ئەورووپیەکانـدا، خۆرهەڵاتیـەکان توانیویانــە بــە داب و نــەریت و خــاڵی لاوازیــی ئەورووپیــەکان ئاشنابن و، بەم جۆرەش بەرامبەر بەوان ترسیان لە دڵدا نەماوە.

*دوای فێربوونیش، کە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان، داوای مـافی خۆیان دەکەن.

جگە لەمانە کازانتزاکیس دوو ڕاستیی تریشیان ئەخاتە سەر:

*یەکــەم: هــەر ڕووداوێــک، لەهــەر کوێیــەکی ســەر زەوی ڕوویدات؛ دەرەنجامەکەی لەسەر هەموو شـوێنێکی ئـەم دونیایـە ڕەنگ ئەداتەوە، بە جیهانی خۆرهەڵاتیشەوە.

*دووەم: ڕوسیا زۆر هانی وڵاتانی خۆرهەڵات و موسڵمانی ئەدا تا شۆڕش بەرپابکەن.

بە پشتبەستن بەم پێدراوانە، با بزانین کازانتزاکیس چۆن پێشبینیی پاشەڕۆژی جیهانی خۆرهەڵاتی دەکرد: گەلانی خۆرهەڵات دەستی بە وەبەرهێنانی سامانەکانی خۆی کرد و، دەرگای بازرگانیی والاّ کرد و، وا کارگە دروست دەکات و، بانک دەکاتەوە.

با دوا وشەش بۆ کازانتزاکیس جێ بهێڵین:

پاشەڕۆژ موڵکی ئەو گەلانەیە کە لە یەک کاتدا خاوەنی ئەم دوو سەرمایەیەن: ئامرازی تەکنیکیی نوێ، لەگەڵ ئیماندا. مەبەستیشم لە ئیمان ئاینێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەستێکی گەوهەری و قووڵە بە گشتی.

ئەوروپا ئامرازەکانی تەکنیکی نوێی لەبەردەستدایە و خۆرهەڵاتیش ئیمان شک ئەبات. خۆرهەڵات لە دوای جەنگەوە خەریکە فێری تەکنیک دەبێت و خۆی ڕێکدەخات. بەڵام ئەوروپا ڕۆژ دوای رۆژ خەریکە لێکدەترازێ و ئیمان لەدەست ئەدات. گومان لەوەشدا نییە کە جەنگی نوێی جیهان کە لە ئامادەبووندایە لە ناوی دەبات. ئەوکات چارەنووسی جیهان لە خۆرئاواوە ئەکەوێتە خۆرهەڵات*.

*        *        *

*ئەمە دەقی وەرگێڕدراوی لێکچەر (موحازەرە)یەکە کە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١دا لە سەنتەری ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا لە دیمەشق لە لایەن نووسەرەوە پێشکەش کراوە، کە

سەرۆکی لیژنەی هاوئاهەنگیی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی هاوڕێیانی نیکۆس کازانزاکییە.

نیکۆس کازانتزاکیس و شیعر

لە **٢٧**ی تشرینی یەکەمی ساڵی **١٩٥٧**دا لە( فرایبۆرغ-برایسغاو) نیکۆس کازانتزاکیس کۆچی دوایی کرد. لە **٣٠**ی هەمان مانگدا "ئالان بۆسکێ"ی شاعیر لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا نووسیی: "ئەوەندە نابێت ڕوخسارێک لە باڵاترین ڕوخسارەکانی ئەدەب و خانەدانترینیان بۆ هەتاهەتایە چووە یادی ئادەمیزادەکانی ئەم سەردەمەوە.. زۆرجار قسە لەسەر پاڵاوتنی کازانتزاکیس کراوە بۆ خەڵاتی نۆبڵ، لەبەرئەوەی کە بە دەستی نەهێنا، ئەمە خۆی بەڵگەیەکی تری گەورەیی هەمیشەییەتی. ئەو لە پاڵ کافکاو پرۆستداو هەروەها ئەو فەرامۆشکراوەی تر، واتە هێرمان برۆخ، یەکێکە لە گەورە نووسەرەکانی ئەم سەدەیە".

ئەلبێر کامۆش لای خۆیەوەو لە **١٦**ی ئاداری **١٩٥٩**دا ئەمەی بۆ هیلین کازانتزاکیس نووسیی:

"من زۆر سەرسام بووم بە هاوسەرەکەت و هەروەها -ئەگەر ڕێم بدەیت- کارەکانیشیم زۆر خۆشدەویست. ئەو ڕۆژەشم بیرناچێت کە تیایدا بە داخ بووم لەبەرئەوەی خەڵاتێکیان دا بە من کە کازانتزاکیس سەد قاتی من شایانی بوو، کەچی گەرمترین بروسکەی پیرۆزبایی کە پێم گەیشت لەوەوە بوو.. بە کۆچی دوایی ئەو، یەکێک لە گەورەترین هونەرمەندەکانمان لەدەست دا. من خۆشم لەو کەسانەم کە بۆ هەمیشە هەست بەو بۆشاییە ئەکەم کە ئەو دوای خۆی جێی هێشت".

ڕۆشــــنبیری تـــریش زۆرن کـــە کارەکـــانی کازانتزاکیـــسیان خۆشویستووە. بـەڵام جـەماوەرە زۆرەکـەی لـە ڕێـی ئـەو فیلمـە سینەماییانەوە دەیناسـن کـە لـە ڕۆمـانی "زۆربـا" و "مەسـیح لـە خـاچ ئەدرێتـەوە" و "دوا لـە خـشتەبردنی مەسـیح" وەرگـیراون. بـــەڵام ئـــەو کـــەمتر وەک کەســـێک ناســـراوە کـــە شـــیعری خۆشویستووە و، داهێنانی شیعریی هەبووە.

لە کاتێکا شارەزایان بە "ئۆدیسە"کەی ئاشنان، ئەوا ترتسینس (سـروودەکان) پـشتگوێ خـراوە. زۆربـەی کـاتیش ئامـاژە بـەوە نـادرێ کـە کارەکـانی کـازانتزاکیس هـەموویان تانوپۆیـەکی شیعرییان هەیە.

لـە ڕاسـتیدا جیاکردنـەوەی ئـەم یـان ئـەو بـەش لـە کارەکـانی شتێکی زەحمەتە. لەبەرئـەوەی کـازانتزاکیس بیرمـەندێکی کامـڵ بوو، لە دەرەوەی بازنـە و ڕێبـازە ئەدەبیەکانـدا، تـەواوی ژانـرە ئەدەبیـــەکانی تـــاقی کردبـــۆوە و، دژی لاســـاییکردنەوە بـــوو، مرۆڤێکـی سـەربەخۆ و ئـازاد بـوو. ئـەو بـە دوای گەنجـەکانی ناوەوەدا، بە دوای خوادا دەگەڕا، بۆ ئەمەش پـەنای ئـەبردە بـەر دڵ نەک ئەقڵ.عاشقی سروشـت و گیانـەوەران و خـەڵکی دڵـساف بوو. بە کورتی، ئەو شاعیرێکی ڕاستەقینە بوو.

ئـەم باسـەمان کـە پـشت بـە نووسـینەکانی شـاعیر خـۆی و شایەتیدانی کەسە نزیکەکان لێیەوە دەبەستێت، ئاقـاری شـیعریی کـازانتزاکیس لـە چـوار لایەنـەوە دەخاتـەڕوو: خۆشەویـستیی بـەردەوامی ئـەو بـۆ شـیعر، ڕۆڵـی شـاعیر، ئـەو شـاعیرانەی کـە پەسەندی کردوون، داهێنانی شیعریی.

***خۆشەویستیەکی بەردەوام بۆ شیعر***

کازانتزاکیس هەر لە هەرەتی لاوییەوە شەیدای شیعر بوو. ئەو هێشتا قوتابیی قوتابخانەی خاچی پیرۆزی فەرەنسی بوو لە دوورگەی ناکسۆس (١٨٩٢-١٨٩٧) کە شیعری شاعیرانی گەورەی فەرەنسای دەخوێندەوە: شاتوبریان، هۆگۆ، لامارتین، مۆسێ.

ساڵی **١٩٠٢**، کاتێ بوو بە خوێندکاری کۆلێجی حقوق لە زانکۆی ئەسینا، بۆ ئەنتۆنیس ئەنیمۆیانیس (باوکی یۆرگۆس ئەنیمۆیانیس، دامەزرێنەری مۆزەخانەی نیکۆس کازانتزاکیس لە فارفاری- میرتیا لە کریت)ی هاوڕێی نووسیی:

"هەوڵ ئەدەم شاعیرەکان لە نووسینگەکەم دەربکەم، هەروەها شیعریش لە دڵم. دەبا هۆگۆ جێ بۆ ساڤینی چۆڵ بکات، لامارتین بۆ جیرنگ و شیعریش بۆ واقیع. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا، لەم ساتەدا کە ئەمەت بۆ دەنووسم، کتێبی دانتی و مانزونیم کردۆتەوە و، نووسینگەکەشم بە هۆگۆ و سۆلۆمۆس ڕازاوەتەوە. بەڵام پێویستە ببم بە پارێزەریش. ململانێیەکی سامناک لە ناخمدایە، هیوادارم بتوانم حقوقم خۆشبوێت. بەڵام شیعر داگیرم ئەکات. شیعر لە ژنێکی جوانی ئەفسوونباز دەچێت، کە مرۆڤ لە بەینی مەمکەکانیدا هەموو ئازارەکانی خۆی لەبیر دەچێتەوەو لە نیگاکانیشیدا هەست بە موچڕکی لەزەت ئەکات".

لە ساڵی **١٩٠٧**دا زانکۆی ئەسینا خەڵاتی یەکەمی بە شانۆنامەی کسیمیرۆنی (خۆرکەوتن) بەخشی. ئەو مامۆستایەی کە خەڵاتەکەی داپێی؛ وتی: "ئێمە تاج بە شاعیر ئەبەخشین، بەڵام

ئەو لاوەی پڕکێشیی نووسینی ئەم شتانەی کردووە، لەم پەیکەرە پاکە دەریدەکەین.

بە درێژایی ماوەی خوێندنی حقوق لە پاریس (١٩٠٧-١٩٠٨) ئامادەی وانەکانی بێرگسۆن دەبوو لە کۆلێج دۆفرانس. ئەنتۆلۆجیایەکی بۆ شاعیرانی فەرەنسا دانا: بۆدلێر، دۆهیریدیا، دۆنوای، مالارمێ، ڕامبۆ، سۆلی برۆدۆم، ڤێرلین، هتد..، ئەم ئەنتۆلۆجیایە لە مۆزەخانەی مێژوویی کریت، لە هیراکلیۆن هەیە.

هەروەها دیداری لەگەڵ ئەنگیلۆس سیکلیا نۆمس-ی شاعیری یۆنانیی گەورە- داو گەشتەکەیان پێکەوە بۆ کێوی ئاتۆس؛ بەڵگەی خۆشەویستیو عەودالبوونێتی بۆ شیعر.

لە هەموو سەفەرەکانیشیدا شیعری دەخوێندەوە. لە ساڵی **١٩٢٥**دا، بۆ هیلینی سامیۆ، کە دوای جەنگ دەبێ بە هاوسەری دووەمی، نووسیی:

"لە ئێوارەوە تا نیوەشەو، هەموو شتێک دەخوێنمەوە؛ فەلسەفە، کتێبی کۆمۆنیستی، شیعر"

لە سەرەتای ساڵی **١٩٢٦**ەوە خۆی بۆ شیعر تەرخان دەکات: ئۆدێسەو ترتسینس. دواتر دێینەوە سەر باسی ئەمە. گەشتەکانی لە یۆنان و ئەوروپا و ئاسیادا سەرشارن لە جوانیی شیعرییانەی بێهاوتا. هێندە بەسە وەسفەکانی بۆ بیابان و، کۆچەرەکان و، شاخی سینا و، شوێنە پیرۆزەکان بهێنینەوە یادی خۆمان. لە کریت نووسیی:

"جگـــه لـــه دانـــتی و ســـۆنێتەکانی شەکـــسپیر هیـــچی تـــرم لەبەردەستدا نییە. بە درێژایی ڕۆژ ئەمانە دەخوێنمەوە تا خـۆم بۆ زریان ئامادە بکەم".

پـاش جـەنگیش، لـە سـاڵی **١٩٤٥**دا، کـازانتزاکیس لـە ئەسـینا بەشداریی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانـەی دەکـرد کـە بـە "ئۆدیسیات" ناونرابوون. هاوڕێ ئەمەگدارەکەی، واتە هیلینی نووسیویەتی:

"بە درێژایی پتر لـە سـاڵێک، هـاوڕێکـانی، لـە لاو و لـە پـیر، لـە کـۆن و تـازە، دەهـاتن و سـەردانی شـاعیرە خۆشەویـستەکەی خۆیـان دەکـرد. جـاری وابـوو لـە پڕێکـا یـەکێکیان هەڵدەسـتایە سـەرپێ و لـە گەرمـەی دانیـشتنەکەدا دەڕۆیـشت. عادەتـەن ئـەو کەسە شاعیرێکی نوێخواز بوو. نیکۆس ڕێـزی لـە بیروبۆچـوونی قوتابیـەکانی ئیلیـوت دەگـرت کـە ڕەخنـەیان لـە داسـتانەکەی دەگـرت بـەوەی "دژی نوێخـوازییـە". نیکـۆس لاوانی دەپەرسـت و ڕقی لەو لاوانە نەدەبۆوە کە دژ بە بیرووبۆچوونەکانی بوون.

لـە سـاڵی داهـاتوودا، واتـە **١٩٤٦**، کـازانتزاکیس چـوو بـۆ ئینگلتـەرە. لـە نامەکانیـدا زۆرجـار باسـی لـە دیـدارەکانی خـۆی لەگەڵ هەندێ شاعیردا کردووە.

"دوێـنێ جـۆن میـسفیڵدم بـینی: زانایـەکی بـەرز و پیـاوێکی ناسکە. باسی شیعری ئینگلیزیمان کرد. چووم بـۆ وادمـان کـۆلیج و سەردانی مامۆستای شیعر (بۆرا)م کرد. وت و وریا و زیرەک و ڕۆشـنبیرە. لـە شـیعر تێـدەگات. چـارلز مۆرگـانی خۆشـناوێت. هەندێ دێڕە شیعرمان خوێندەوە. ئەو لویس و ئیدیس ستۆل بـە باشترین شاعیر ئەزانێت..

لــە ســاڵی ١٩٤٧دا لــە پــاریس. هیلــینی کــازانتزاکیس بــە هەڵچوونەوە ئەمەی بیردێتەوە:

"هەنــدێ هــاوڕێی کــۆن بــە دەوری فنجــانی کاکــاودا لــە ســاڵۆنەکەی مــادام ســوزان بیــو دانیــشتوون کــە میوانــداریمان ئەکات، بە تەنها بۆ کازانتزاکیسیش هەیە (نەک بۆ کەسی تر) کە لەسەر "کورسیی شاعیر" دابنیشێت..

لە ســاڵی ١٩٥٦دا لــە ڤیــەننا خــەڵاتی نێودەوڵــەتیی بۆ ئاشــتی وەرگــرت، لــەو بۆنەیــەدا لــە قــسەکانیدا وتی: "بــە ڕای مــن ئــەم ئاهەنگە لە هەمان کاتدا مانایەک دەگرێتە خۆی کە لە پەڕەی دڵم ئــەدات: لیژنــەی داوەریــی خەڵاتــە نێودەوڵەتیــەکان لــە پێنــاوی ئاشتیدا، چڵە زەیتون بە شاعیرێکی یۆنانی دەبەخشێت.

بۆئەوەی ئەم بەشــە ســەبارەت بــە خۆشەویستیی هەمیشەیی ئــەو بــۆ شــیعر کۆتــایی پێبــهێنین، قــسەی کاراکتــەرێکی ڕۆمــانی "تۆدارابا" دەهێنینەوە کە دەڵێت:

"ئاه! ژیان دوور لە هەوا و هــەوەس و ڕاگــوزەرە فانییــەکان، باڵابوونــە، خوڵقانــدنی کــارێکی هونەرییــە! ئایــا کێــشی دێڕێــک شیعری تەواو لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێک زیاتر نییە!"

## ڕۆڵی شاعیر

لە ڕوانگەی کازانتزاکیسەوە، شاعیر مرۆڤێکی داهێنەر و خەباتگێڕ و خەونبینە. لەسەری پێویستە کە بچێتە ناو ژیانی ڕۆژانەوە و لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و دژ بە چەوساندنەوەدا تێبکۆشێت. بە ڕای کازانتزاکیس شیعر لە ژیان جیانابێتەوە.

لە ئایاری ساڵی ١٩٤٦دا و بەو سیفەتەی سەرۆکی کۆمەڵەی ئەدیبانی یۆنان بوو، کازانتزاکیس لە ئەسینا بەم وشانە پێشوازی پۆل ئێلوار کرد:

"وای لێهاتووە لەم سەردەمەماندا کە بە تەنها شاعیر بەس نییە، جەنگاوەریش بەبێ شاعیر پەلەقاژێی کوێرانە دەکات. چووینەتە قۆناغێکەوە کە قۆناغی کاری گڕسەندووی ڕاستەوخۆیە –قۆناغی خۆشەویستیی چەکدارە.

شاعیران لە پێشەوەی کاروانەوەن و وشە دەچێنن. بەڵام ئەمڕۆ پێویستە ئەو وشانە پڕبن لە تەقەمەنی. ڕۆشنبیرانی کەمخوێن هەڵئەلەرزن. وا دەزانن ئازادی بەبێ توندوتیژی، لە بەیانییەکی خۆشدا، هەروەکو بەهار دێت. بەڵام ئازادی هەمیشە ڕۆڵەی شەڕ و خۆشەویستی بووە.

هاوڕێ ئێلوار، بە تەنها شاعیرانی قووڵ و ڕاچەنیوی وەک تۆ لەم حەقیقەتە خوێناوییە تێگەیشتوون، بۆیە ئێوە کەوتنە ناو شەقامەکان و چوونە ناو ململانێکانەوە و، لە شەڕدا بەشداربوون.

ئەم چرکەساتەی کە ئێستا پێیدا تێدەپەڕین بە ڕادەیەک دژوارەو، ئازاری مرۆڤایەتی بە شێوازێکی نامرۆیانە گەیشتۆتە ئاستێک، گەر شاعیر خۆی بخاتە سەروو ئەم ململانێیانەوە؛ وەکو ئەوە وایە تاوانێکی کردبێت".

لە "سیناکسار"ی کۆندا ئەوە دەخوێنینەوە کە زاهیدێک ڕاهاتبوو دارێکی بەرەو ڕووناکی بەرزدەکردەوە. چاوی تێدەبڕی و فرمێسک لە چاوانی دەهاتە خوار. یەکێک لێی پرسی:

–باوکی پیرۆز، بۆ دەگریت؟ چی بەسەر ئەم نەمامەوە دەبینیت؟

زاهیدەکە وەڵامی دایەوە:

–مەسیح دەبینم بە لە خاچدراوی، گشت مرۆڤایەتی دەبینم کە ئازار دەچێژێت.

ئەمرۆش پێویستە شاعیر لە هەموو شتێک و لە هەموو شوێنێکدا ئەوە ببینێت: خۆشەویستیی لە خاچدراو، ژن و پیاو و ڕۆح کە ئازار دەچێژن.

هاوڕێ ئێلوار، تۆش لە هەموو شتێک و لە هەموو شوێنێکدا ئەوە دەبینیت. هەر بۆیە کۆمەڵەی ئەدیبان خۆشحاڵە بەوەی ئەمرۆ پێشوازیت لێ بکات و لە کەسی تۆدا ڕێز لەو سیفەتە دوولایەنە بگرێت: سیفەتی شاعیریو سیفەتی جەنگاوەری".

لە تەمووزی هەمان ساڵدا کازانتزاکیس لە (بی.بی.سی)یەوە لە لەندەن، بانگەوازێکی ئاراستەی گشت ڕۆشنبیرانی دونیا کرد:

"وەک چۆن لە ژیارە داهێنەرەکانی کۆندا باو بوو، خەڵک شاعیریان بە پێغەمبەر لە قەڵەم ئەدا. دەبا متمانە بە ڕۆحی مرۆڤ بکەین لە ساتی دژواردا، وەختێ گرەو لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی دەکرێ، ڕۆح بەرپرسیاریی ئەکەوێتە ئەستۆ. بەدڵنیاییەوە ئەمرۆ بیرۆکەیەکی گەورە لە خاکی خوێناوی لەدایک بووە، هەربۆیە کارەکە ژاناوییە و، هێزەکانی خراپە لەم ساڵانەی دواییدا بەرەڵڵا بوون. تا هەوڵبدەن دیسانەوە کۆرپەکە بخنکێنن..

***ئەو شاعیرانەی کە پەسەندی کردوون***

کازانتزاکیس شاعیرە یۆنانیەکانی خۆشدەویست، بە تایبەتیش شاعیرە لاوەکان کە بەردەوام ڕاوێژیان پێدەکرد. ئەو بە هاوکاری لەگەڵ (مامۆستا کاکرینریس)دا ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆسیان هێنایە سەر شێوە زمانی هاوچەرخی یۆنانی. لە دوادوایی تەمەنیشیدا بۆ هاوڕێیەکی خۆی باسدەکات لە ئەنتیپ کە ئەنتۆلۆجیایەکی بۆ سەد قەسیدەی بیست و پێنج شاعیری یۆنانی داناوە کە بریتین لە (ئەگراس، ئەلکسیۆ، ئەفیریس، گریباریس، ئیفتالیۆتیس، کالفۆس، کاریۆتاکیس، کاڤاڤی، مالاکاسیس، مافیلیس، میلاخرینۆس، پالاماس، بابانتۆنیۆ، پۆلیلاس، پۆرفیراس، پریفیلاکیس، ڕیتسۆس، سیفیریس، سایکلیانۆس، سکیپیس، سۆلۆمۆس، فالاوریتس، ڤارنالیس، فیزینۆس، فلاستۆس).

شاعیرانی ئەوروپی و ئەمریکای لاتین و خۆرهەڵاتیشی زۆر خۆشدەویست و هەندێ لە شیعرەکانیانی کردووە بە یۆنانی. هەروەها هەندێ وتار و سەرنجی لە سەریان نووسیوە کە بە تایبەتی لە ئینسایکلۆپیدیای یۆنانیی گەروە (ئیلفسیرۆزاکی)دا بڵاوبوونەتەوە. بەمجۆرەش کۆمەڵێک شاعیری بیانیی بە خوێنەرانی یۆنانی ناساندووە. لێرەدا ناکرێ لیستێک بە ناوی هەموو ئەو شاعیرانەوە بنووسین. هەربۆیە بە تەنها ناوی شاعیرە ڕووسەکان و فەرەنسیەکان و ئیسپانیەکان و هەردوو ئەمریکای باشوور و ئینگلیز و ئیتالیا دەهێنم.

خۆشەویستیی کازانتزاکیس بۆ گەلانی ڕووس ئاشکراو ڕوونە. چەند جارێک سەردانی یەکێتیی سۆڤێتی کردووە و بە ئەدەبی کلاسیک و نوێی ئەوێ سەرسام بووە. بە یۆنانی کتێبێکی

لەسەر (مێژووی ئەدەبی ڕووسی) نووسیوە، کە بە درێژی باسی شیعری ڕووسی دەکات (شیعری میللی لە چاخی ناوەڕاستدا، چاخی کلاسیک لەگەڵ پووشکیندا، شاعیرە هاوچەرخەکانی پووشکین، ڕیالیزمی ڕووسی، شیعری لیریکی و دواجاریش شیعری هاوچەرخ).

بەڵام خۆشەویستیی بۆ شیعری فەرەنسی، کە لە قوتابخانەی ناکسۆسی فەرەنسی پێی ئاشنا بوو، بە درێژایی ژیانی لەگەڵیدا مایەوە و "پۆڵ ڤالیری"یش شاعیرە پەسەندکراوەکەی بوو.

**"عاشقی ڤالیریم، ڤالیریی شاعیر و پەخشاننووس، ئەو ئەفسوونبازە"**

– کام شیعرەیت لا پەسەندە؟

**"گۆڕستانی دەریایی" و "گەڵاخورما" کەمتر حەز بە "فاوست" ئەکەم. لە شیعردا بە شێوەیەکی تایبەت ڤالیری ئەپەرستم. ئەو لووتکەی ژیارێک و ئامانجەکەشێتی، پێدەچێ زۆر ناسک بێت، زۆر ساکاربێت. ئەو گوڵێکی بێ تۆوە.**

"ئەو خواوەندی ئەم ماڵەیە" خانم کازانتزاکیس ئەمەی وت..

ساتێک بەر لە مەرگی، دیسانەوە شتی لە بارەی نووسەر و شاعیرە فەرەنسیەکانەوە نووسی:

مالرۆ، مۆریاک، سارتەر، کلۆدیل، سەرباری هەموو شتێک و لە سەروو هەمووشیانەوە: پۆڵ ڤالیری. لە ساڵی ١٩٢٦دا و لە سەفەرێکیدا بۆ ئیسپانیا، هەندێ شاعیری ناسی، لەوێنە خوان ڕامۆن خیمینس، کە بە لایەوە "گەورەترین شاعیری ئیسپانیا" بوو. گەلێ شیعری ئەو و ئەنتۆنیۆ ماچادۆ و پیدرۆ سالیناس و میگیل دی ئۆنامۆنۆ و مۆرینۆ فیلاو لۆرکاو ڕافاییل ئەلبێرتیی

کرد بە یۆنانی و لە گۆڤاری "کیکلۆس"دا بڵاوی کردنەوە. ئەوە یەکەمجاریش بوو کە شیعری هاوچەرخی ئیسپانی بکرێ بە یۆنانی.

لە نەخۆشخانەی (فرایبۆرگ)یش لە برایسغاو، بەر لە مردنی کە بیستی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب دراوە بە خیمینس و کامۆ، داوای لە هاوسەرەکەی خۆی (هیلینی) کرد:

"لینۆچکا، خێرا وەرە و یارمەتیم بدە بروسکەیەکی تازە بنووسم. خوان ڕامۆن خیمینس و ئەلبێرکامۆ ئەو دوو کەسەن کە شایانی ئەو خەڵاتەن. دەی با بروسکەیەکی پیرۆزبایی گەرمیان بۆ بنووسین".

لە ساڵی **١٩٥٦**دا، کاتێ لە ڤیەننا خەڵاتی ئاشتیی وەرگرت، بە هەندێ شاعیری ئەمریکای لاتین ئاشنا بوو، هیلینی نووسی:

"لەوێنەیە خۆشترین شت بەلای کازانتزاکیسەوە دیدارەکەی بووبێت لەگەڵ شاعیری کۆڵۆمبی خۆرخێ زالامیا و ڕۆماننووسی ئەرجەنتینی ئەلفریدۆ فاریلادا. خۆشەویستیی کازانتزاکیس بۆ کارەکانی زالامیا بە ڕادەیەک بوو کە یەکسەر "مەرگی بۆرۆندۆم بۆرۆندا" و هەندێ شیعری تری ئەوی بۆ یۆنانی وەرگێڕا.

بایەخدانی بە شیعری ئینگلیزی وای لێکرد "ئۆتێللۆ" بە شیعر تەرجەمە بکات. لە نامەکانیدا و لە یاداشتی سەفەرەکانیدا زۆرجار ئاماژە بۆ دیدارەکانی لەگەڵ هەندێ شاعیر و ڕەخنەنووسی ئینگلیز ئەکات لە ئۆکسفۆرد و کامبریج.

بەڵام لەنێو تەواوی شاعیرەکاندا، کازانتزاکیس دانتی پەسەند ئەکات و "کۆمێدیای یەزدانی" وەردەگێڕێت.

لە کاتێکیشا لە ساڵی ١٩٤٣دا، کە دوو جەندرمە کازانتزاکیس لە ئیجیناوە بۆ پاسگەکە دەبەن، هیلینی سامیۆ بەم جۆرە وەسفی هەڵوێستی نیکۆس دەکات:

"بەرێوە بووین بۆ ئیجینا، بانایۆتی و هاورێکەی دەوریان دابووین نیکۆسیش داڵغەی لێدابوو، چاپێکی بچووکی "دانتی"یشی پێبوو. منیش تەواو لە دیمەنی گاڵتەجاڕیی ئەو بە زۆربردنەی نێوان دوو حەربەکە پەست بووم".

لە ساڵی ١٩٤٩دا لە فیشییەوە، کازانتزاکیس نامەیەکی بۆ هاورێ سویدییەکەی (بوری کنۆس) نووسی:

"بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا تامی تەممەڵیم کرد. بۆ یەکەمجار تێگەیشتم کە جەستەیەک هەیە و پێویستە بایەخی پێ بدەین. نەک لە پێناوی جەستەکەدا. بەڵکو لە پێناوی ئەو دەروونەدا کە ڕایگرتووە. خۆم ئەشۆم، لەژێر دارچنارە سەوزەکاندا پیاسە ئەکەم. زۆر پیاوی ڕەشبین ئەبینم و جارناجارێکیش وەکو کاهینەکان لەگەڵ ئینجیلدا، "دانتی، هاورێی سەفەر"ی بچووک ئەکەمەوە و دوو سێ دێڕی لێ ئەخوێنمەوە و لەناو دۆزەخ و پاکژگەو بەهەشتدا ون ئەبم.

هیلینی بە دەم قسەکردنیەوە سەبارەت بە کازانتزاکیس بەم سەرنجە کۆتایی بە باسەکەی دەهێنێت:

"شیکییەکەی خۆڕسکی بوو. بە ئاسانی ئەو قاتانەی لەبەردەکرد کە دروونیان خراپ بوو. بۆینباخی نەدەبەست. مەدالیایەکی ئاڵتوونی "ئەسکەندەر" بە کراسەکەیەوە بوو. مستیلەیەکی گەورەی مینۆسی لەدەستدا بوو. قایشێکی زیوی کۆنی دەبەست کە هی جۆرجیا بوو. ئەمانە هەموو

سەروەتەکەی ئەو بوون. بەردەوامیش دەستکێشێکی سپی و دانتییەکی بچکۆلە هاوڕێی سەفەری بوون. کاتێ بەرەو کۆتایی تەمەنیش چوو، وازی لە دەستکێش و مستیلەکە هێنا. بەڵام لەسەر پێخەفی مەرگ و تا دوا هەناسەشی دانتیی هەر پێبوو".

### *داهێنانی شیعریی*

تانوپۆی تەواوی کارەکانی کازانتزاکیس (ڕۆمانەکانی، شانۆنامەکانی، سەفەرنامەکانی) بە هەستێکی شیعرییانە چنراوە و، هەموو نووسینەکانیشی کانیاوێکی وشک نەکردووی شیعرن. کازانتزاکیس سێ قەسیدەی گەورەی نووسیوە:

-ئۆدیسە

-ترتسینس

-سۆنێتەکان

### ئۆدیسە

شاکارێکی ئەدەبییە کە لە **٣٣٣٣٣** دێڕە شیعر پێکهاتووەو کازانتزاکیس دوانزدە ساڵ پێوەی خەریکبووە. شەش جار نووسییەوە. تیایدا باس لە سەرچڵییەکانی ئۆلیس دەکات، سەرچڵییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ، کە هەوڵ بۆ ژیانێکی نوێ ئەدات و هەڵوەدای ئازادی و خۆتێپەڕاندنە.

بۆئەوەی ئەم قەسیدەیە بنووسێت کە بەرهەمی پەرەسەندنی فیکرییەتی، گەڕاوەتەوە بۆ سەفەرەکانی ئەورووپا و ئەفریقا و ئاسیا و هەروەها خوێندنەوە جۆربەجۆرەکانی.

سەرچڵییەکە لە یۆنان (ئیساکا، ئەسپارتە، کریت) دەستپێدەکات و لە ئەفریقا (میسر و ئەفریقای ناوەڕاست) بەردەوام ئەبێت و لە بەستەڵەکی باشوور کۆتایی دێت.

لە دیدگای کازانتزاکیس و لە دیدگای نەوەکانی داهاتووشەوە، "ئۆدێسە" کارێکە بایەخێکی گەورەی پێدراوە. کازانتزاکیس لەو بارەیەوە دەڵێت:

"ئەم کتێبە بۆ پیرەکان نەنووسراوە، بەڵکو بۆ لاوەکان نووسراوە، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە هێشتا لەدایک نەبوون، ئەمە کتێبێکە لەگەڵ خۆمدا بۆ گۆڕەکەشمی دەبەم".

## ترتسینس

ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کازانتزاکیس کە کەم کەس پێی ئاشنایە. لە نێوان ساڵانی **١٩٣٢** و **١٩٣٧**دا نووسراوە. لە بیست و یەک قەسیدە پێکهاتووە (لە ساڵی **١٩٦٠**دا لە ئەسینا بڵاوکراوەتەوە)، ئەمە دەسپێکی قەسیدەکەیە کە کازانتزاکیس خۆی لە ساڵی **١٩٣٩**دا نووسیویەتی:

"لەم سروودانەدا ویستوومە ئەو شڵەژان و خۆشییە بخەمەڕوو کە ئەو دەروونانەی ناخمیان تێرکرد پێیان بەخشیم. ئەو دایکانەی میهرەبانیی خۆیانیان دامی وەکو تێیدەگەم و ڕەفتاری ڕۆحی و بەردەوامبوون و سووربوونیان پێبەخشیم — هەروەها گیانی بەرەنگاری، نەک هەر بەرەنگاری، بەڵکو ئەڤینی شاد، نەک ئەڤینی تەنیایی ڕقهەڵگر بەرامبەر بە مرۆڤ. وا ئەمرۆ ئەم سروودانە بڵاودەکەمەوە. لەناو ئەو کەسانەشدا کە ئەیانناسم، بە تەنها حەوت هەشت کەس هەن بە خوێندنەوەی

شاد ئەبن. بەڵام ئەوانی دی بە نیگەرانییەوە تووڕی هەڵئەدەن. زمانەکەی، بەحرەکانی، ڕیتمی، ئەو "پادشا شاراوەیە"ی کە فەرمانڕەوایی دەکات، ئەو شێوازە شاد و تینوو و نائومێدەی لە ڕێیەوە دەڕوانمە سەرچڵیی تاکەکەسی و جیهانی، لە سەروو هەموو تەسەللایەکەوەیە و لە سەروو هەموو پاداشتێکەوە و لە هەموو ترسێکیشەوە دوورە –ئەوانی دی بەرگەی ئەمانە ناگرن. تکایان لێ دەکەم بەزەییان پیامدا بێتەوە، من هیچ شتێکم نەکردووە بۆئەوەی بە دڵی ئەوان بم. گەر واشم بکردایە شکستم ئەهێنا. تەنیایی تا ڕادەیەک سروشتمی ڕەق کردووە و، ئەو خۆشییەی کە لە کاتی داهێناندا بەدەستم دێ، هێند گەورەیە کە ئیدی مافی ئەوەم نییە داوای پاداشتی دی بکەم.

ئەم قەسیدانەش کە ٢١ دانەن، بریتین لە:

١-دانتی ٢-ئالگریکۆ ٣-چەنگیزخان ٤-بسیخاری ٥-سانتا تیریزا ٦-لینین ٧-دۆن کیخۆتە ٨-بۆ خود ٩-محەمەد ١٠-نیچە ١١-بوودا ١٢-مووسا ١٣-سێینەی شیعری ١٤-هیلینی ١٥-شەکسپیر ١٦-لیۆناردۆ ١٧-تۆدارابا ١٨-هیدیۆشی ١٩-ئەسکەندەری گەورە ٢٠-مەسیح ٢١-باپیرە –نەوە.

## سۆنێتەکان

کازانتزاکیس لەژێر کاریگەریی "دانتی"دا گەلی سۆنێتەی نووسیوە کە دێڕەکانی کێشی گریکییان هەیە و لە یانزدە بڕگە پێکهاتوون. لەوێنە سۆنێتەی "ئۆدیپۆس"، "سرمۆبیلس"، "هەتاهەتاییەکان"، "داربادەم"، لەساڵی ١٩١٤یشدا چاپی کرد.

جگە لەم قەسیدانە، کارەکانی تری کازانتزاکیس، واتە ڕۆمان و شانۆنامە و سەفەرنامەکانیشی بە جوانییەکی شیعریی پەرجووئاسا متوربە کراون.

لە پێشەکیی وەرگێڕانە فەرەنسیەکەی شانۆی کازانتزاکیسدا، نیکۆس ئەساناسیۆ دەڵێت کە بەرهەمی شانۆییەکانی لە "قەسیدەیەکی مەزن" دەچن (هەر بۆ نموونە با خوێنەر بڕوانێتە سێینەی پرۆمیسیۆس یان نیقفۆرۆس فۆکاس). هەروەها شارەوانیی هیراکلیۆن لەو کتێبەیدا کە بۆ کارە شیعرییەکانی کازانتزاکیسی تەرخان کردبوو؛ چەند شانۆنامەیەکیشی لە ڕیزی ئەو کارە شیعرییانەدا بڵاوکردبۆوە. دواجار ئەتوانین بڵێین کە شاعیریەتێکی باڵا سەرجەم کارەکانی تەنیوەتەوە.

ئەو لاپەڕانەی بۆ خاکی پیرۆز و کێوی ئاتۆس و بوخارا و سەمەرقەند و ئیسپانیا تەرخان کراون لە سەفەرنامەکانیدا، جوانییەکی شیعریی وایان هەیە کە لە بیر ناچنەوە.

خانم ماری لویز بیدال- بۆدیی لە کتێبەکەیدا (نیکۆس کازانتزاکیس: مرۆڤ چۆن نەمر دەبێت؟ (**١٩٧١**، ل **٥١**) نووسیویەتی:

"ژیانی شیعری توخمی سروشتیی ئەوە، ڕیتمی هەناسەدانێتی. کاتێکیش مرۆڤ دەیخوێنێتەوە، هەست دەکات ئەو ژیانە شیعرییە بە شێوەیەکی سروشتی لای کامڵ بووە، وەکو ئەو تۆوەی کە چەکەرە ئەکات. لای ئەو شیعر ئەبستراکترین هزریش لەخۆدەگرێت و لە وێنەی جواندا دەردەکەوێ. دەکری بڵێین کە تەجەللای شیعری زۆربەی کات وەک وەڵامێک وایە بۆ پرسیاری ئازاراویی ڕۆح. ئایا بینینی داربادەمێکی گوڵگرتووی

باخچەیەکی ساکار لە مانگی کانووندا، بەس نییە بۆئەوەی سوکنایی بە دڵی ژانگرتووی کازانتزاکیس و دڵی هاوڕێکەی، سیگلیانۆس ببەخشێت کە لە گەڕانەوەدان بەرەو کێوی ئاتۆس، ئەودەمەی ئەو دارە بە پەرجووی جوانی و ئازایەتیی خۆیەوە وەڵامی پرسیارەکانیان ئەداتەوە".

لە نامەیەکیدا بۆ بۆریی کنۆس لە ساڵی **١٩٥١**دا، سەبارەت بە "دوا لەخشتەبردنی مەسیح" نووسی:

"گەلێ جار دەسنووسەکانم پەڵەپەڵە بوون لەبەرئەوەی نەمتوانیوە ڕێ لە فرمێسکەکانم بگرم. هەندێ لەو پەندانەی کە مەسیح نەدەبوو لە ئینجیلەکاندا بە ناتەواوی جێیانبهێڵێت، من تەواوم کردن و کۆتاییەکی بەرز و میهرەبانی وام بۆ دانان کە شایستەی دڵی بن. هەروەها هەندێ وتەم بە دەمیەوە کردووە کە ئەو نەیوتوون، بەڵام گەر قوتابیەکانی هەمان توانای دەروونی خۆی و پاکژیی ئەویان هەبووایە ئەمانەی دەگوت . لە هەموو جێیەکیشدا شیعر و، خۆشەویستی بۆ گیانەوەران و گژوگیا و ئادەمیزاد و متمانە بە دەروون و دڵنیابوون لەوەی کە ڕووناکی هەر دێت.. بە درێژایی ساڵێک تەواوی ئەو کتێبانەم لە کتێبخانەیەک خواست کە لە بارەی مەسیح و ناوچەی یەهودیە و هەواڵەکانی ئەو سەردەمە و تلمودەوە نووسراون. بەم جۆرە، تەواوی شتە وردودرشتەکان لە ڕووی مێژوویییەوە دروستن، بەڵام ئەبێ دان بەو مافەی شاعیریشدا بنێین کە شوێنپێی مێژوو هەڵناگرێت: لەبەرئەوەی شیعر لە مێژوو فەلسەفەئامێزترە.

*

لەساڵی ١٩٥٧دا چەند ڕۆژێک بەر لە جێهێشتنی ئەنتیپ و لەدوا سەفەریدا بۆ چین و ژاپۆن، لە کتێبی ئاڵتوونیی کتێبخانەیەکی ئەنتیپدا نووسیی:

"شیعر ئەو خوێیەیە کە ناهێڵێت جیهان بۆگەن بکات".

دواجاریش، چەند سەعاتێک بەر لە مەرگی لەفرایبۆرگ-برایسگا و بە دکتۆرەکانی وت:

"دەزانن، شاعیرەکان هەرگیز نامرن.. بەهەرحاڵ تا ڕادەیەکی زۆر نەمرن".

ئەم دوو باسەی ئەم کتێبە کە یۆرگۆس ستاسیناکیس نووسیونی و لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی لەم سایتەوە وەرگیراون:

www.maaber.octach.com

کۆمەڵێک وێنەی تری کازانتزاکیس ١٠ وێنە

کتێبە چاپکراوەکانی تری وەرگێڕ بەکوردی:

- ❖ چاوەکانی (ڕۆمان)_بوزورگی عەلەوی/١٩٩٧
- ❖ جۆناسانی نەورەس (کورتە ڕۆمان)_ڕیچارد باخ/چ٢ ٢٠٠٢
- ❖ خەونێک لەولاتی پیاوە بچکۆلەکاندا (کورتە چیرۆکی جیهانی)١٩٩٧
- ❖ بەناوی ژیانەوە(چاپی یەکەم ١٩٩٧) ئەریک فرۆم
- ❖ شۆڕش یا ڕیفۆرم (گفتوگۆ لەگەلڕ مارکۆز و پۆپەردا)١٩٩٨

❖ پیدرۆ پارامۆ (ڕۆمان)_خوان ڕۆڵفۆ_(بەهاوکاری لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلیدا)١٩٩٩

❖ چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی(وتار و باسی فیکری و ئەدەبی)٢٠٠٠

❖ تریفەی تەنیایی (ژیان و شیعری سوهراب سپهری)٢٠٠٠

❖ تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا _محەمەد نورەدین٢٠٠١

❖ لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا (چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبی)٢٠٠١

❖ نیچە _ پۆلڕ ستراتێرن٢٠٠١

❖ ژنی لەبەردەم وەرزێکی سارددا (ژیان و شیعری فروغ فەروخزاد)٢٠٠٢

❖ سارتەر_پۆڵ ستراتێرن٢٠٠٢

❖ مۆدێرنەکان_رامین جەهانبەگلو٢٠٠٣

❖ مارکۆز و پۆپەر٢٠٠٣

❖ کیرکەگۆر- پۆڵ ستراتێرن٢٠٠٣

❖ دەربارەی ئەقڵی مۆدێرن-(گفتوگۆی فەلسەفیو ئەدەبی)-(بە هاوکاری لەگەڵ ئاوات ئەحمەددا) ٢٠٠٤

❖ چاکەو خراپە _ کریشنا مورتی_٢٠٠٤

❖ بەفر ( ڕۆمان)- ماکسێنس فێرمین.٢٠٠٤

بەعەرەبی:

❖ **مضيق الفراشات (قصيدة طويلة للشاعر الكردي شيركو بيكس)**

ترجمة آزاد البرزنجي, دار الرازي –بيروت– لبنان. ١٩٩٦

- ❖ عار تماماَ كالما و (مختارات شعرية لدلاور قرداغي)– ترجمة آزاد البرزنجي, دار الطليعة الجديدة – سوريا – دمشق. ٢٠٠٠
- ❖ سِفرالروائح (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكس) – ترجمة آزاد البرزنجي, دارنينوي –دمشق –سوريا. ٢٠٠١